# پەیوەندی تاوانی جینۆساید و دادگەریی جیهانی
# ورۆڵی لە گۆڕانی چەمکی یاسادا

**م. م تحسين حمه سعيد شمس الدين**
**قسم القانون، كلية القانون والسياسة،**
**جامعة التنمية البشرية، سليمانية،**
**اقليم كوردستان، عراق**

وشە کلیلییەکان:
تاوانی جینۆساید، دادگەریی جیهانی، چەمکی یاسا، یاسای یەك پارچە، یاسای فرەپارچە

پێشەکی

هەردوو بابەتی تاوانی جینۆساید و دادگەری جیهانی پەیوەنیدان بە یاسای نێودەوڵەتییەوە هەیە؛ یەکەمیان وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی و دووەمیشیان لەبەرئەوەی کاتێك کە باسی دادگەریی جیهانی دەکرێت، ئیدی پەیوەندی بە دەوڵەتەکان و دەزگا نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانەوە هەیە. ئەگەرچی زۆربەی تیۆرسێنەکانی دادگەری ناوەرۆکی ئەو چەمکەیان لە ناو کۆمەڵگە و لە ناو دەوڵەتەکاندا لێکداوەتەوە، تەنانەت ئەگەر هەوڵی ئەوەیان دابێت کە تیۆریاکانیان دەربارەی عەدالەت لە ناوخۆی وڵاتەکانەوە بۆ ئاستی نێو دەوڵەتیش بگوازنەوە (وەك ئەوەی فەیلەسوفی بەناوبانگی عەدالەت ( جۆن راوڵز) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا(یاسای گەلان و گەڕانەوە بۆ عەقڵی گشتی)(Rawls, J,1999) کردوویەتی، پێش ئەویش کاتی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی (ئیمانوئێل کانت) تێزەکانی یاسای جیهانی و عەداڵەتی جیهانی بەرگری لێدەکرد. ئەوا لە سەردەمی تێکەڵبوونی مرۆڤایەتی و چوون بەناویەکتری نەتەوەکان و جیهانگیری و زیاتر بوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و بازرگانی جیهانی و پێویستی دەستیوەردانی دەزگا و ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، هەم بۆ چەسپاندنی ئاشتی جیهانی و هەمیش بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئەنجامدانی تاوانە نێو دەوڵەتییەکانی وەك جینۆساید، چەمکی عەدالەتی جیهانی زۆرتر لە ناو بابەت و لێکۆڵینەوە یاساییەکاندا بەرچاو دەکەوێت و گەڕان بە شوێن بنەماکانی عەدالەت لە ناو یاسای نێو دەوڵەتیدا زیِتر کەوتۆتە بەرباس.

بابەتی عەدالەتی جیهانی هەم رووی سزایی هەیە و هەمیش رووی دابەشکاری هەیە. کە یەکەمیان(رووە سزاییەکە) دەچێتە ناو بەشی یەکەم لە دوو بەشەکەی عەدالەت کە هەر لەسەردەمی ئەرستووە عەدالەتیان بۆ دابەشکراوە، کە ئەویش دادگەری چاککارییانە( العدالة الاصلاحية) و دووەمیشیان دادگەری دابەشکارییانەیە( العدالة التوزيعية) کە خۆی لە دابەشکاری عادیلانەی سەرچاوە سروشتییەکاندا دەبینێتەوە لە ئاستی جیهانیدا . تیۆرسێنەکانی دادگەری لە ئاستی جیهانیدا لە هەوڵی تیۆراریزەکردنی هەردوو جۆرەکەدان. واتە لە هەوڵی ئەوەدان کە سزادانی تاوانباران بە تاوانە جیهانییەکان و گێرانەوەی مافی تاوانبەرامبەرکراوەکان و چاککردنی بارودۆخیان ئەنجام بدەن. لە هەمان کاتدا لە هەوڵی خستنە رووی تیۆریاکانیاندان لە رووی دابەشکردنەوەی عادیلانەی سەرچاوەکان لە پێناو دابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی و بنبرکردنی هەژاری رێژەیی و نەخۆشییە جیهانییەکان!.

هەرچی پەیوەندی بە تاوانی جینۆسایدەوە وەك تاوانێکی نێو دەوڵەتی هەیە ئەوا دەچێتە ناو خانەی جۆری یەکەمەوە( دادگەری چاککاری) هەرچەند کاریگەری لەسەر دادگەری دابەشکاریش جێدەهێلێت. بەڵام هەر تەنها جەختکردنەوە لەسەر لایەنە سزاییەکەی بەسە بۆ ئەوەی پەیوەندی لە تەك چەمکی عەدالەتی جیهانیدا پەیدا بکات و هەوڵی گەڕان بە شوێن جێگرتن و جێبەجێکردنی بنەماکانی دادگەری جیهانی بدرێت تێیدا . ئەگەرچی تاوانێکی نێو دەوڵەتی وەك جینۆساید کۆنە بەڵام دوای ئەوەی دادگای تاوانکاریی نێو دەوڵەتی بە رێکەوتنی رۆمای دادگای تاوانکاریی نێو دەوڵەتی لە (١٩٩٨/٧/١٧) پێکهات. هەرچەند دادگاکە دەسەڵاتی خۆی تەنها لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی کە لە رێککەوتنەکەدا لە ماددەی (٥)ی رێکەوتنەکەدا بوونیان هەیە ، کە دوای چوونە بوارە جێەجێکردنییەوە واتە( لە (٧/١/ ٢٠٠٢) ئەنجامدراون بەکار دەهێنێت( ئاوارە حسێن::٢٠١٧:61.) هەرچەند تاوانی جینۆساید زۆر پێشتر بە تاوانی نێو دەوڵەتی ناسێنراوە، ئیدی لەو مێژووەوە یاسادانان بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی دەرچوو. هەر لەو کاتەشەوە پەیوەندی راستەوخۆی لەتەك دادگەری جیهانی و بەشە سزاییەکەی بە تەواوەتی دەرکەوت.

کاریگەری ئەم پەیوەندی پەیداکردنە( لە نێوان تاوانی جینۆساید و دادگەری جیهانی) لەسەر چەمکی یاسا چییە؟ ئایا گۆرانکاری چۆنێتی لە ناو یاسای ناوخۆی وڵاتان دروست دەکات؟ ئایا ئەو بنەما یاساییە بنەرەتییەی کە یاسا و سەروەری دەوڵەتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و گونجاوی لە نێوانیاندا دروست دەکات( کە یاسای هەر وڵاتێك لە چوارچێوەی سنووری ئەو وڵاتەدابە) و بەستراوە بە سەروەریي ئەو وڵاتەوە و بێجگە لە خۆی هیچ دەوڵەت

و لايەنێبك بۆی نییە یاسای بەسەردا بسەپێنێت، ناگۆڕێت؟. کاتێك دادگایەکی وەك دادگای تاوانکاریی نێو دەوڵەتی سزایەك لە دەرەوەی وڵات بە سەرئەنجامدەرانی تاوانی جینۆسایددا دەسەپێنێت و یاسادانانی خۆی بەسەر یاسای ناوخۆی وڵأتاندا زاڵ دەکات_ بە پشتبەستن بە دادگەریی جیهانی_ بەم کارەی بنەمای جیاوازبوونی یاسای وڵاتانی بەرەو یەکپارچەیی و یاسایەکی جیهانی نەجوڵاندوە؟ بەمەش مانا و مەدلولی چەمکی یاسای لە چەمکێکی تایبەت بە ناوخۆی وڵاتان لەسەر بنەمای بنەمای سەروەری یاسای ناوخۆ نەگۆڕیوە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فیکری یاسایی هەیە؟!.

وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە گرفتی لێکۆڵینەوەکە پێك دەهێنن. لێکۆڵەر گریمانەی ئەوە دەکات کە پەیوەندی لە نێوان تاوانی نێودەوڵەتی جینۆساید و دادگەریی جیهانی هەیە و دۆزینەوە و کەشفی ئەو پەیوەندییەش گۆڕانکاری لە مانا و مەدلوڵی چەمکی یاسادا دروستدەکات و رەوتێك لە یاسای جیهانی دروست دەکات کە لە هەمە جۆری یاساکانی وڵاتانەوە بەرەو یەکپارچەیی یاسای جیهانی دەبزوێت. ئەگەرچی ئەمە هەنوکە لە یاساکانی تایبەت بە تاوانە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا( لەوانیش تاوانی جینۆساید) دەرکەوتووە، بەڵام لە داهاتوودا بەشەکانی دیکەی یاساش دەگرێتەوە.

میتۆدی توێژینەوەکەش بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاریي بەکاربراو لەم جۆرە توێژینەوانەدا.

بۆ ئەوەش توێژینەوەکە بگاتە دەرەنجامی خۆي نەخشەکەی بەو شێوەیە دارێژراوە کە لە سێ داوای سەرەکی پێکدێت:

داوای یەکەم تایبەتکراوە بە ناساندنی تاوانی جینۆساید .

ئەمە لە کاتێکدا داوای دووەم تایبەتە بە دادگەریی جیهانییەوە. داوای سێیەمیش بۆ کاریگەری پەیوەندی نێوان تاوانی جینۆساید و دادگەری جئیهانی لەسەر چەمکی یاسا تەرخانکراوە.

لە کۆتاییشدا پاشمەندێك دانراوە کە ئەنجامە گیراوەکان و پێشنیازەکانی تێدا هێنراوە بێ ئەوەی جێگەی درێژەی توێژینەوەکە بگرێتەوە. داوای یەکەم

ناساندنی تاوانی جینۆساید و دهادگەری نێو دەوڵەتی

بۆ ئەوەی کەپەیوەندی نێوان تاوانێکی وەك جینۆساید و دادگەریی نێو دەوڵەتی و کاریگەری ئەو پەیوەندییەش لە چەمکێکی وەك یاسا پیشان بدەین ئەوا دەبێت لە پێشدا دەبێت تاوانی جینۆساید وەك تاوانێکی نێو دەوڵەتی بناسرێت بۆیە لەم داوایەدا هەولی ناساندنی تاوانەکە دەدەین:

لەناوبردنی بێ بەزییانەی گروپە ئاینی و نەتەوەیی و ئەتنییەکان بە درێژایی مێژووی مرۆڤ بە تایبەت لە سەدەی بیستدا مایەی دروستکردنی بەستێنی دەرکەوتنی چەمکی تازە دەرکەوتووی (تاوانی جینۆساید) بوو لە ناو ئەدەبیاتی یاسای نێو دەوڵەتی تاوانی و یاسادانانی سزایی ئەو یاسایەدا بوو : تاوانەکانی وەك تاوانی کوشتاری ئەرمەنەکان لە ١٩١٥ دا لە لایەن تورکیا و لەناو بردنە زۆر و زەبەندەکانی جەنگانی جیهانی یەکەم و دوووەم و لەناوبردنە بەرنامەییەکانی سامییەکان لە ئان و پێش ئەو جەنگانە و لەناوبردنی کوردان _لە دەرسیم_ باکور و باشووری کوردستان و وای لە فەقیهی یاسای نێو دەوڵەتی( رافائیل لیمکین) کرد کە لە ساڵی ١٩٣٣ دا و لە ناو کۆنگرەی (یەکسازکردنی یاسای سزا) لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا چەمکی جینۆساید دابهێنێت. پاشتر لە ساڵی( ١٩٤٤)یش لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (دەسەڵاتی دەوڵەت سهنتەر لە ئەوروپای باکور) ئەم تاوانەی شی و راڤەکاری کرد. نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە یەکەم ساڵی چالاکی خۆیدا و لە بریارنامەیەکدا لە ساڵی ١٩٤٦ بە راشکاوی ئەوەی راگەیاند کە (جینۆساید تاوانە و جیهانی شارستانی ئەو کارە زشتکاری دەکات دەکات) و ئەمەش بەستێنی ئەوەی رەخساند کە جارنامەی بە تاواندانان و رەشناسی جینۆسایدی لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ ئەنجام بدرێت.(عزیزی:189:1393)

سەرەرای ئەوەش کێرڤی ئەنجامدانی ئەو تاوانە لە سەدەی بیسدا بەرەو بەرزبوونەوە بوو و بەردەوام تاوانەکە ئەنجام دەدرا . بە جۆرێك مرۆڤایەتی بە چاوی سەر شایەتی کوشتارە خوێناوییەکانی یوگسلاڤیا و رواندا و کوردستانی عێراق بوو. تاوانەکە بە جۆرێك تاوی سەند بوو کە لە کەیسەکانی ( کامباندا) و (کایشما) و (رۆزیندانا)دا تاوانی جینۆساید بە (تاوانی تاوانەکان)( Crime ofcrimes) ناسێنرا . ناساندنی دادگای تایبەت بة کەیسی یۆگسلاڤیا و دادگای تایبەت بە رواندا(Cathrine Cisse:1998:157 ) و دواتر دروستکردنی دادگای تاوانکاریی نێو دەوڵەتی نیشانەی گرنگی پێدانی یاسای نێودەوڵەتییە بەو تاوانە(ئاوارەحسێن: 589:2017) هەر بۆیە ناساندنی چەمکەکە و پێکهاتە و بنەماکانی لە یاسای سزایی نێو دەوڵەتیدا ئەم داوایەی بۆ تایبەت کراوە:

یەکەم: جینۆساید لە رووی مێژووییەوە:

بۆ ئەوەی رەهەندەکانی بابەتەکە روون بنەوە ئەوا لە پێشان لە مێژووی تاوانەکە شی دەکەینەوە، بێئەوەی لە رووی زمانەوانییەوە خۆمان لە قەرەی ناوەکە بدەین، لەم لایەنەوە لێکۆڵەر رای لەگەڵ ئەو توێژەرانەدایە کە لە زمانی کوردیشدا وەك ئەو زمانانەی دیکەی کە هەر زاراوەی جینۆسایدیان بۆ تاوانەکە بەکارهێناوە بەکاربرێتەوە. پێی وایە زاراوە بەکاربراو

پێشنیازکراوەکانی دیکە ناتوانن بە شێوەی هەمەکی و گشتگیر ناسێنەری تاوانەکە بن( ئاوارە حسێن: ١٢:٢٠١٧). بەڵام لەبەر لەبەرچاوگرتنی لایەنی کردەیی و و سەیرنەکردنی نامێژوویی سەروو واقیعیانەی تاوانەکە و پیشادانی پەیوەندیشی بە دادگەریی جیهانییەوە ئەوە دەخوازێت کە لە رووی مێژوویەوە تاوانەکە لێکبدرێتەوە:

لەبەرئەوەی تاوانی جینۆساید پێشێلکردنی یەکەمین و گرنگترین مافی کەمینەکانە کە ئەویش مافی مانەوەیە لەبەرئەوە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر کات ویسترا بێت ئەو مافە سەرەکییە لە هاوڵاتیان وەربگیرێتەوە یەکسەر پەنا بۆ ئەم تاوانە براوە. هەر لەبەر ئەوەشە بۆ پارێزگاری لەو مافە سەرەکییە دەبوو یاسای سزای نێو دەوڵەتی دەست تێوەربدات( عزیزی: ١٩٠). پێشێلکردنی ئەو مافە بەرپرسیارێتی تاکی و دەولەتی لە خۆ دەگرێت لە راستیشدا پەیمانامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە نۆی دیسەمبەری ١٩٤٨دا کە تەنها یەك رۆژ پێش پێش دەرکردنی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ بەسترا بە یەکەمین پەیماننامەی بە تاوان ناساندنی جینۆساید دەژمێردرێت( بیگ زادە: ٥٠). هەر لەم پەیملننامەوە دەردەکەوێت کە بە تاواننساندن و سزادانی نێو دەوڵەتی بە یەکێك لە کاریگەرترین لایەنەکانی رووبەرووبەوە و ناساندنی تاوانی جینۆساید دەژمێردرێت و رۆڵی دادگا نێودەوڵەتییەکان لەم رووەوە زۆر لەبەرچاوە. هەرچەند بە وردبوونەوە لە مێژووی یاسای نێو دەوڵەتی دەردەکەوێت سەرە رای کۆنی تاوانەکە، بەڵام تۆوی بە تاواننساندن و سزادانی تاوانبارانی ئەم تاوانە تەنها لە کۆتاییەکانی نێوەی یەکەمی سدەی بیستەم تەقی و بووە بەشێك لە یاسای سزایی نێو دەوڵەتی. لەم رووەوە دەتوانرئێت بووترێت دوای دروستکردنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بریارنامەی (٢٦٠) ی نۆی ١٩٤٨ بابەتی دروستکردنی دادگایەکی نێو دەوڵەتی خرایە روو،(توحیدی فر: ٧٤) دوای ئەوەش بابەتی دروستکردنی دادگایەکی نێو دەوڵەتی بەرفرانتر خرایە بەر باس و ئامادەکردنی دەستووری کاری ئەو دادگایەش بە لیژنەی مرۆڤی نەتەوە یەگگرتووەکان سپێردرا( عزیزی: ١٩٣).

هەرچەند بە تاواناساندنی ئەو تاوانە بۆ ئەو مێژووە دەگەرێتەوە، بەڵام مێژووی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید زۆر بۆ پێشتر لەو مێژووە دەگەرێتەوە:

وێرانکردنی کارتاج و لەناوبردنی خەڵکەکەی لەلایەن رۆم و سەدو چل و هەشت ساڵ پێش زایین و قەتلو عامی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکیا( ١٩١٥-١٩١٦) لە ناوبردنی ملیۆنەها جوتیاری ئۆکراینی بەهۆی ئەو ئەو گرانییەی کە ستالینەوە دروستکرابوو(١٩٣٢-١٩٣٣) ، لەناوبردنی ملیۆنەها هیندیی موسڵمان لە کاتی جوادابوونەوەی پاکستان

لەساڵی(١٩٤٧-١٩٤٨)، لە ناوبردنی بردنی هەزاران کۆمەنیستی ئەندەنوزیایی لە ساڵەکانی (١٩٦٥-١٩٦٦)، لە ناو بردنی ئەندامانی حیزی عەوام لیگ لەکاتی جودابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان(١٩٧٠-١٩٧١. لەناوبرنی خەڵکی ناتەموری لە تەیموری رۆژئاوا لە ساڵەکانی( ١٩٧٦-١٩٩٠). لەناوبردنی موسڵمانەکان و کرواتەکان لە لە لایەن سیربەکانەوە(١٩٩١) . لەناوبردنی توتسییەکان لە رواندا(١٩٩٣-١٩٩٤) لۆقەکردنی هەشت سەد و دوو ژن لە جامۆو کەشمیر لەلایەن سوپای هیندوستان، لۆقەکردنی نیمچە سەربازە رواندییەکان بە کچێکی سی و هەشت ساڵەی توتسی لە کاتێکدا خوێن بەسەر بوتڵە تێکشکاوکانەوە بەجێمابوو، تەعەداکردنە سەر ژنێك لە لایەن پێنج سەربازی یۆگسلاڤی و کوشتنی مناڵەکەی لە ساڵی (١٩٩٤) (میر محمد صادقی:١٧١-١٣٦ )

بەهاتنە سەرکاری نازییەکانیش لە ئەڵمانیا سیاسەتێکیان لەو وڵاتەدا گرتەبەر کە دەبێت نەژادە نزمەکانی وەك جووەکان و کۆڵییەکتن لەناو ببرێن، لە ژێر دروشمی (ئەڵمان لە سە رهەمووانە) وە بە تایبەت جووەکان کرانە ئامانج، لە ئەنجامدا هەزارانی ئەم کەمینە ئایینییە و چەندین کەمینەی دیکە لە ئەڵمانیا و وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا کە لەژێر دەسەڵاتی ئەڵمانەکاندا بوون لە ناو بران کە ئەم تاوانە بە ناوی ( هۆلۆکۆست)( کوشتاری گشتگیر )ناسرا(. کوشتاری گشتگیر بە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم تاوی سەند ، لە جونیەی ساڵی ١٩٤١ لە کاتی جوڵەی ئەڵمانەکان بەرەو رووسیا کوشتاری گشتی پۆڵەندییەکانیشی چووە سە کە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە کاتی باسکردنی ئەو رووداهدا وتی ( ئێمە هەنوکە لەبەردەم تاونێکداین کە بێناوە)(عزیزی:١٩١).

( رافائیل لمکین) یاساناسی جووی پۆڵەندی کە بە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم بۆ ئەمریکا پەنای برد بوو دوای بیستنی ئەو گوتارەی چەرچیل رایگەیاند کە ئەو تاوانەی ناو ناوە جینۆساید(Ginocide)( هەمان سەرچاوە: ١٩١)

لەگەڵ ئەوەشدا دوای پێکهێنانی دادگای سەربازی نۆرەمبێرگ کە بە گوێرەی رێککەوتنامەی نێوان وڵاتانی ئینگلتەرا و فەرەنسا و روسیا و ئەمریکا لایەنە سەرکەوتووەکانی شەر لە ٨ ئۆتی ساڵی ١٩٤١ پێکهات لە یاسای بنەرەتی دادگادا ناوێك لە تاوانی جینۆساید نەهات ئەگەرچی ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لە دادگای نۆتەمبەرگ لە سی سێبتەمبەر و یەکەمی ئۆکتوبەری ١٩٤٦ دا بەکارهات( هەمان سەرچاوە:١٩٢)

هەوڵە ماندوونەناسەکانی لەمکین و پشتیوانی رای گتی جیهانی و گوشاری دەزگا چاپی و بڵاوکراوەکان بووە هۆی ئەوەی کە بابەتی تاونی جینۆساید و رێکخستنی

ڕێككەوتننامەیەك بۆ بەرگریكرد لە ئەنجمدانی لە داهاتوودا هەر لە سەرەتای دەست بەكاربوونی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە ئەنجام بدرێت (اردبیلی:٤١)

( هەر لەسەر بنەمای ئەمە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بریارنامەی ژمارە ٩٦ی ١١ سێپتەمبەری ١٩٤٦ بە كۆی را لەسەر گرنگی روبەرووبوونەوەی تاوانی جینۆساید جەختكرایەوە) (عزیزی: ١٨٩). لە دوای ئەم بریارنامەیە ئەنجومەنی گشتی بریارنامەیەكی تری دەركرد كە داوای لە ئەنجومەنی ئابووری و كۆمەڵایەتی نەتەوە یەكگرتووەكان( اكوسوك) كرد بۆئەوەی پەیماننامەیەك بۆ ناساندنی تاوانی جینۆساید پێكبهێنێت، هەر لەمەوە ئەنجومەنەكش لیژنەیەكی بۆ دیاریكرد كە ئەركی بریتی بووو لە ڕێكخستنی ڕێككەوتن نامەیەك و (لیمكین)یش وەك یەكێك لە ئەندامەكانی ئامادەكاری پەیماننامەكە دیاري كرا. سەرەنجام لە ٩ ی دیسەمبەری ١٩٤٨ دا ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەكگرتووە كان بۆ كۆی راكان پەیماننامەی ( قەدەغەكردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی) بەست.١(هەمان سەرچاوە: ٤٢)

پاشانیش دادگای تاوانكاریی نێو دەوڵەتی بە ڕێكەوتنی ڕۆمای دادگای تاوانكاریی نێو دەوڵەتی لە (١٩٩٨/٧/١٧) پێكهات. هەرچەند دادگاكە دەسەڵاتی خۆی تەنها لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی كە لە ڕێككەوتنەكەدا لە ماددەی (٥)ی ڕێكەوتنەكەدا بوونیان هەیە ، كە دوای چوونە بوارە جێبەجێكردنییەوە واتە( لە (١/٧/ ٢٠٠٢) ئەنجامدراون بەكار دەهێنێت( ئاوارە حسێن::٢٠١٧:61.) هەرچەند تاوانی جینۆساید زۆر پێشتر بە تاوانی نێو دەوڵەتی ناسێنراوە، ئیدی لەو مێژووەوە یاسادانان بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی دەرچوو( ئاوارە حسێن:٢٠١٧: ٦١.٢

دووەم: پێناسەی جینۆساید:

ئەلیف: لە دوای ئەنجامدانی تاوانە بێ بەزەییەكانی شەری جیهانی دادگاكانی نۆرەمبێرگ و توكیۆ تاوانەكانی دژی مرۆڤایەتییان هێنانە بەر باس كە ئەو تاوانانە ٥- گواستنەوەی ناچاركەرانەی منالآنی گروپێك بە گروپێكی دیكە. ( عزیزی:١٩٨)٣

ئەوەی جێی تێبینییە كە ماددەی پێنجی دادگای سزایی نێو دەوڵەتی و دادگای تایبەتی عێراقیش هەمان پێناسەیان دووبارە كردۆتەوە. بە دوو جۆر دابەش دەكران بەشێكیان ئەو تاوتانانە بون كە دژی هەموو یان بەشێكی گروپێكی دیاریكراو ئەنجام دەدران، ئەمە لە كاتێكدا ئەوانەی دووەم ئەو تاوانانە بوون كە بێ ئەوەی كەمترین پەیوەندی بە دەگەڵ(انتماء) بوونی گروپەكەیانەوە ئەنجامدرا بوون. ئەوانەی یەكەمیان بە تاوانەكانی جینۆساید و ئەوانەی دووەمیشیان بە تاوانەكانی دژی مرۆڤایەتی ناسران. هەر لەو بنەمایەوە تا چەند

ساڵان لەمەو پێش تاوانی جینۆساید لە ناو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی حسێب دەکرا، بەڵام لە یاسای بنەرەتی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی جوداکراوەتەوە، هەرچەند تا ئێستاش لە یاسا نیشتمانییەکانی هەندێك وڵاتی وەك وڵاتی فەرەنسادا هەر لە ژێر ناوی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیدا دەهێنرێت.( عزیزی: ١٩٩)

بێ: ئەو پێناسەیەی تاوای نێو دەوئلەتجینۆساید بە شێوەی زنجیرەیی لە هەردوو ماددەی دادگا تایبەتەکانی دادگاییکردنی جینۆساید لە یاسای بنەرەتیاندا لە ماددەکانی (٤ و ٢) هاتووە دەقی هەمان پێناسەیە کە لە مادەی(٢) پەیماننامەی قەدەغەکردن و سزادانی جینۆسایددا هاتووە کە بریتییە لە: (لەم پەیماننامەدا جینۆساید بەهەر یەك لەم کارانەی خوارەوە دەووترێت کە بە مەبەستی لەناوبردنی تەواوی یاخود بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی یان نەژادی یاخود ئایینی لەم شێوەیە ئەنجام درابن:

١- کوشتنی تاکەکانی گروپ.

٢- زیانگەیاندنی زیانی گەورە بە سەلامەتی جەستەیی یان گیانی تاکەکانی گروپ.

٣- خستنە ناو بارودۆخێکی ژیانی نەگونجاوی گروپێك کە ببێتە مایەی لەناوچوونی فیزیکی هەموو یاخود بەشێك لە گروپەکە.

٤-بە ئەنجامگەیاندنی کارانێك بە مەبەستی رێگری لە وەچەخستنەوەی گروپ.

( هەمان سەرچاوە:١٩٨)

جیم: دادگای دادی نێو دەوڵەتیش یەکەم لایەنی دادوەری بوو کە نەریتی بوونی نێودەوڵەتی پەیماننامەریگری و سزادانی تاوانی جینۆسایدی) سەلماند دەرەنجامی یەکەمی ئەمەش بریتییە لەوەی کە رێساکانی گرێبەستەکە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناسێنراوون و بۆ دەوڵەتانیش بێ بوونی گرێبەست دەبێت رەچاوبکرێن. دەرەنجامی دووەمیشی بریتییە لە فەرمانرەوابوونی تایبەتمەندی جیهانی جینۆساید و لەسەر دەوڵەتان پێویستە کە هاوکاری یەکتر بن بۆ ئەوەی ئەم تاوانە جیهانییە نەمێنێت. هەر لێرەوە دادگلاکانی دیکەی وەك دادگای نێو نەتەوەیی رواندا دانی بە نەیرتی بوونی جینۆسایددا نا.

پێویستە ئەوەش بووترێت کە دادگای دادی نێودەولەتی لە کەیسی( بارسەلۆنا تراکشن) دا بۆ یەکەم جار قەدەغەکردنی جینۆسایدی وەك ئیلتیزامێکی هەمەگیر (ErgaOmnes)ناوبرد.( هەمان سەرچاوە: ٢٠٥)

حێ: دەربارەی پەیەندیی جینۆساید بە تاوانە نێو دەوئلەتییەکانی دیکەوە، لە دوای ئەنجامدانی تاوانە بێ بەزەییەکانی شەری جیهانی دادگاکانی نۆرەمبێرگ و تۆکیۆ تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتییان هێنانە بەر باس کە ئەو تاوانانە بە دوو جۆر دابەش دەکران بەشێکیان

ئەو تاوتانانە بون کە دژی هەموو یان بەشێکی گروپێکی دیاریکراو ئەنجام دەدران، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی دووەم ئەو تاوانانە بوون کە بێ ئەوەی کەمترین پەیوەندی بە دەگەڵ(انتماء) بوونی گروپەکەیانەوە ئەنجامدرا بوون. ئەوانەی یەکەمیان بە تاوانەکانی جینۆساید و ئەوانەی دووەمیشیان بە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی ناسران. هەر لەو بنەمایەوە تا چەند ساڵان لەمەو پێش تاوانی جینۆساید لە ناو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی حسێب دەکرا، بەڵام لە یاسای بنەرەتی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی جوداکراوەتەوە، هەرچەند تا ئێستاش لە یاسا نیشتمانییەکانی هەندێك وڵاتی وەك وڵاتی فەرەنسادا هەر لە ژێر ناوی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیدا دەهێنرێت.(( شایگان فرد: ٢٥٧).

لەم رووەوە دادگای سزادانی رواندا باوەری وایە کە تاوانەکە بە یەکێك لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت. دادگاکە باوەری وایە کە تاوانەکە لە پێکەوەگرێدانی هەردووتاوانی (ریشەکێشکردن) و ( شوێنپێهەڵگرتن و ئازاردانی هەر گروپێك بە هۆکاری( نەژادی، نەتەوەیی و ئایینی) بە نیازی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپەکە ئەنجام درا بن. هەر لێرەوە دادگا پێی وایە لە نێوان تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساییدا شێوازی لۆجیکی (گشت و پارچەبوونی لە روو)(العموم والخصوص من وجه) ئیدی پایەکانی هەروو جۆر لە تاوانەکە لەودییان بووونی هەیە ، بۆیە دەتوانرێت ئەنجامدەرانی بە هەر کام لە دوو تاوانەکە بناسێنرێت ئەگەرچی تاوانبەرامبەرکراو لە تاوانی جینۆسایددا تەنها تاکێك نییە، بەڵکو گروپێکە، هەرچەند دادگاکە وایداناوە کە تاوانباران بە تاونی جینۆساید حوکم و سزا بدرێن، بێ ئەوەی ئاماژە بە هۆکارەکەی بدرێت. پێدەچێت دادگاکە لەسەر ئەو بنەما سزاییەی کە هەر تاوناێك رەگەزەکانی دووتاونی لە خۆدەگرت ئەوا دەبێت لەسەر تانە توندترەکە ئەژمار بکرێت.( عزیزی: ٢٠٤-٢٠٦)

بێجگە لەدادگای نێو دەوڵەتی تایبەت بە رواندا، چەندین دادگای دیکەی وەك دادگای تاوانکاری بۆ یوگسلاڤیای پێشوو(ی ماددەی پێنج) و دادگای تایبەت بە سیرالیۆنی ٢٠٠٢(ماددەی دووەم) .( هەمان سەرچاوە: ٢٠٥)

هەرچەندە تاوانی جینۆساید پێش ساڵی 1948 کاتی دەرکردنی پەیماننامەی قەدەغەکردن و سزادانی جینۆساید بە بەشێك لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی ئەژماردەکرا بەڵام لە دەکرێت بڵێن تانی جینۆساید لەو رووەوە کە تاوانێکە بەرامبەر بە گروپ ئەنجامدەدرێت و تەنها بەرامبەر چوار جۆر لە گروپە نەتەوەیی و ئایینی و نەژادییەکان ٤ و مەبەستیش لەناوبردنی هەموو یان بەشێك لێیان ئەنجام دەدرێت. ئەمە لە کاتێکدا تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی هێرشێکی بەرفراوان و سیستەماتیك روودەدەن

و مەرج نییە بۆ لەناوبردنی گروپێك یاخود بەشێك لێیان بێت وقوربانییەکانی دژ بە مرۆڤایەتی خەڵکانی سیڤیل و ناسەربازین، ئەمە لە کاتێکدتا مەرج نییە تاوانی جینۆساید تەنها بەرامبەر بە خەڵکی سیڤیل ئەنجام درابێت بێجگە لەوەی تاوانی دژەی مرۆڤایەتی بە هێرش ئەنجام دەدرێت، بەلام تاانی جینۆساید دەشێت بێ شەڕ و لە کاتی ئاشتیشدا ئەنجام بدرێت. هەر لێرەوە جیاوازی هەیە لە نێوان تانی جینۆساید و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی، پێدەچێت دادگای نێو دەوڵەتی رواندا ئەم جیاوازیانەی لەبەرچاو نەگرتبێت بۆیە هەردوو تاوناەکەی بە یەك حسێب کردبێت.( عزيزى:٢٠٤)

هەروەك تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی جیاوازن لە تاوانەکانی شەڕ، چونکە تاوانی دژی مرۆڤایەتی لەکاتی شەر و نەبوونیشیدا ئەنجام دەدرێن، ئەمە لە کاتێکدا تاوانەکانی شەر تایبەتن بە کاتی شەرەوە وەك لە زاراوەکەدا دیارە.( ئاوارە حسێن: ٧٣)

ئەوەی جێی تێبینییە یەکەم رایەك بە شێوەیەکی تەواو وتێرو تەسەل لە تاونی جینۆسایدی کۆڵیتەوە لە لایەن لقی یەکەمی دادگای نێو دەوڵەتی رواندا بووە لە کەیسی (ئاکائیسۆ) بە جۆرێك دادگای اواندا لە کارەکانی دیکەی و دادگای تایبەت بە یۆگسلاڤیای جاران لە کەیسی( یەلیسیچ) لەسەر ئەو رایە چووە و بە راشکاوی هاورایی خۆی لەگەڵد ئەو رایەدا دەربریوە.( عزيزى:٢٠٥)

سێیەم: پایە و رەگەزەکانی تاوانی جینۆساید:

بێگومان رای دادگا تایبەتەکان دەربارەی پێناسە و جۆر و پێکهێنەرەکانی تاوانی جینۆساید کاتێك گرنگییەکەی دەردەکەوێت کە هەوڵبدرێت رای جیاوازی وڵاتان لەسەر ئەو بابەتانە یەکبخرێت کەواتە رەگەز و پێکهێنەرەکانی تاوانی جینۆساید چین:

بە گوێری بنەما گشتییەکانی یاسای سزادان، تاوانی سزادان وەك هەموو تاوانێکی دیکە لە دوو رایەی مادی(Actus Rues) و پایەی مەعنەوی(Mens Rea) پێکدێن: (کریانگساک:١٠٤)

پایەی ماددی تاوانی جینۆساید:

ئەلیف:: کوشتنی ئەندامانی گروپەکە:

ئەم کارە لە برگەی یەکەمی مادەی دووی پەیماننامەی جینۆساید بە یەکەم شیوازی ئەنجامدانی جینۆساید دەژمێردرێت و مترسیدارترینیشیانە چونکە راستەوخۆ پێچەوانەی مافی مانەوەی گروپە و پێچەوانەی سەرەکیترین مافەکانی مرۆڤە.(عزيزى: ٢١٢)

دەربارەی ژمارەی کوژراوان و جۆری کوشتنەکە رای جیاواز هەیە. دەقەکان ئەم بابەتەیان یەکلایی نەکردۆتەوە . هەر لەبەر ئەوەیە دادگا تایبەتەکانی وەك دادگای رواندا بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم بابتە ککەراونەتەوە بۆ بنەماگشتتیە عادیلانەکانی یاسای سزادان، کە ئەمەش سەبارەت بە بابەتەکەی ئێە زۆر گرنگە چونکە رەچاوکردنی ئەو بنەما گشتییانە پەیوەندی بە بابەتی عەدالەت و عەدالەتی جیهانییەوە هەیە. هەر بۆیە رامان لەگەڵ رای ئەو لێکۆڵەرانەدایە کە دەقە یاساییەکان باشیان کردوە کە ئەم بابەتەیان یەکلایی نەکردۆتەوە تا گشتگیر تربێت ئەو جۆرە کوشتنانەش بگرێتەوە کە دواتر پەیدا دەبن.( هەمان سەرچاوە: ٢١٢)

بێ: زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزری بە ئەندامانی گروپەکە: ئەمەش لە برگەدووەمی ماددەی دووی پەیماننامەکەدا باسی لێوەکراوە: ئیدی بەهەر شێوەیەك بێت وەك بلاوکردنMوەی نەخۆشی و پێدانی خۆراکی خراپ و لە دەست چوو دەستدرێژیکردنە سەر تاکەکان کە ببێتە مایەی بریندارکردن و ئەشکەنجەدان و بەدخۆراکی و رارایی وبێهیوایی و گوشاری هزری. ( ئاوارە حسێن:٣٥)

دادگای رواندا دەربارەی ئەم شێوازە لە جینۆساید دەڵێت: ئەم گوتەیە بە وانتای هەر جۆرە کارێکە کە تەندروستی مرۆڤ بخاتە بەر زیانگەیاندن ، مایەی ناشیرینی یاخود لەکارکەوتنئەندامەکان و ئۆرگانەکان و هەستەکان مرۆڤ بشێوێنێت. هەروەها دتادگا لە کەیسی ئاکائیسۆدا ئەو بابەتانەی کە هاتوون تەنها بە نمونە دەزانێت و دەکرێ هەر شتێکی دیکەش کە زیان بە تاکەکانی گروپەکە بگەیەنێت ئەم شێوازە بیگرێتەوە. گومان لەوەدا نییە کە تاونبار لە کاتی ئەم زیان گەیانندا هبێت مەبستی زیانگەیاندنی هەبووبێت و زیاگەیاندنەکە بە ئەندازەیەك بێت کە کە لەناوچوونی فیزیکی و بایۆلۆجی گروپەکەدا ببێت.(عزیزی: ٢١٣)

تێ: دانانی گروپەکە لە بارودۆخی ژیانی نەگونجاوی وادا کە لە ئەنجامدا تێداچوونی فیزیکی بەشێك یان هەموو گروپەکەی لێبکەوێتەوە: ئەم شێوازە لە جینۆساید لە برگەی سێیەم لە ماددەی دووەم لە پەیماننامەکەدا هاتووە: نمونەی ئەمە وەك کۆچپێکردنی ناچار ودوورخستنەوە لە حاڵ و ماڵ وبریکردن و لەناوبردنی ژینگە و سەرچاوەکانی ژیان و کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی جینۆسایدی هێواش و لەسەرخۆ کە دادگای رواندا لە روونکردنەوەی ئەمەدا دەڵێت( کە ئەم بارهودۆخە ئێستا و یەکسەرە نابێتە هۆی لە ناوبردنی گروپەکە بەڵکو لە کاتیێ[کدا درێژتردا دەبێتە هۆی لەناوچوونی گروپەکە ( میر محمد صادقی:١٠١-١١٢)

حێ: رێگریکردن لە زۆربوون و بوونی منال لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا:

ئـەم شێوازە لـە جینۆسـاید لـە برگـەی چـواری مـادی دووی پەیماننامـەکـەدا هـاتووە. ئـەوەی جێیی تێبینییـە سـێ شێوازەکەی پێشـوو بـۆ لـەناوبردنی هـەبوونی ئێسـتای فیزیکـی گروپـەکانـە ئەنجامدەرانی جینۆساید لـە هـەوڵی لـە ناوبردنی هـەوونی ئێستای گروپـەکانـەوەن.هـودەر بۆیـە ماکلین ئەوانـە بـە لـەناوبردنی فیزیکی ناودەبات.( عزیزی: ٢٢٠) ئەمـە لـە کاتێکدا ئـەم دوو شیوازەی کە ماوون هەوڵی لە ناو بردنی گروپەکانە لە رێگەی لەناو بردنی داهاتوویانەھ کە ئـەوانیش رێگریکردنیانـە لـە زۆربوون و زاوزێ و نـەوە خستنەوە. کـە ئەمـە بـە چەندین شێواز ئەنجتم دەدرێت وە نەزۆککردنی پیاوان و لـەباربردنی کۆرپەلـەی ژنـان و ولۆقـەکردنی ژنان لـە کۆمەلگـەی پیاو سالاردا تا منالـەکان هي ئـەو خێلـە نـەبن کـە منـالان بەدانـە پاڵی باوکان دەناسرێ.هەروەك دادگای رواندا ئاماژە بـەوەش دەکـات کـە گوشاری رۆحـی ببێتـە هۆی رێگری لە نـەوە خستنەوە بۆ نمونـە هەرەسشـەکردن و لۆقەکردن وا بکات ئیدی نزیکی نبـان ژنـان و پیـاوان روونـەدات و ئـەو ژنـەی لۆقـەکراوە نـەوێرێت نـەهێلێت سـکی پـڕ ببێت.(عزیزی:٢٢١)

دال:گواستنەوەی ناچارکەرانەی منالآنی گروپەکە بۆ گروپێکی دیکە:

بـە گوێرەی دابەشکارییەکەی لیکمین ئـەم بەنـدەش لـەو بەندانەیـە کـە پەیوەنـدی بـەو لەناوبردنەی گروپەوە هەیە کە لە داهاتوودا روودەدات، چونکە منالآنی گروپ داهاتووی ئـەو گروپـەن. لـە راڤـەی ئـەم برگەیەشدا، لقە جیاوازەکانی دادگا ی رواندا ئـەو روونکردنەوانـەی دەربـارە ئـەم برگـەیـە لـە کـەیسی (ئاکائیسۆ)دا هـاتوون دانپێدا دەنێت، کـە لـەم بـارەوە دادگـا دەڵێت:

( ئـەم لقـەی دادگـا لـەو باوەرەدایـە کـە ئامـانج لـە قەدەغـەکردنی ناچارکـەرانـەی منـالآنی گروپێك بۆ گروپێکی دیکە هەروەك ئەو کارانەی ئەنجام دەدرێن بە مەبەستی پێشگیری لـە وەچەخستنەوە، تەنها بە راگواستنی بە زۆریی فیزیکی منالآن روونادات. ،بەڵوك کارانی وەك هەڕەشـەئامێز و زیانپێگەیاندنیش دەگرێتـەوە کـە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی منـالآنی گروپێك بـۆ گروپێکی دیکە بگوازرێنـەوە.)( لـة (عزیزی:٢٢٣) ئـەوەش جێي باسە بە گوێرەی راپۆرتی دادگای تاوانکاری نێو دەوڵـەتی لـە ساڵی ٢٠٠٢ دا تەمـەمی منالآنی پارێزراو لـەم برگەیـەدا تەمەتنیان لە خوار هەژدە ساڵی دیاریکراوە.( هەمان سەرچاوە: ٢٢٣)

٢- پایەی مەعنەوی

لـە راسـتیدا ئـەوەی وادەکـات کـە تـاوانی جینۆسـاید لـەناو تاوانـە نێودەوڵـەتییەکانـدا گرنگییەکی تایبـەتی هـەبێت پایـەی مەعنـەوی تاوانەکە بێت( ئاوارە حسێن، ٢٧). زۆرتر ئەم رەگەزەشە کە وا دەکات پەیوەندی جینۆساید بە چەمکی عەدالەتی جیهانییەوە پەیدا بکات

كە گۆڕاوی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەك لە داوای داهاتوودا باسی لێوە دەکەین. لە خوارەوە ئەم پایەی( پایەی مەعنەوی) تاوانەکە شی دەکەینەوە:

ئەلیف: نیازی تایبەت

هەروەك هێنامان تاوانی جینۆساید جیاوازە لە تاوانەکانی دیکە . لەبەرئەوە بۆچێبوونی پێویستی بە نییەتی تایبەت(dolus special) ی لەناوبردنی گشتی یان بەشێکی گروپە دیاریکراوەکانە . بە جۆرێك دەتوانین باس لە بوونی تاوانی جینۆساید بکەین کە هەر کام لە پێکهێنەرهکانی رەگەزی مادی تاونەکە بە نیزی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپ ئەنجام درابن. لەم بارەوە دادگای تیبەت بەرواندا بەم شێوەیە شرۆڤەی دەکات: ( بە شیوەیەکی ورد کلاتێك دەتوانرێت بووترێت کە هەر کام لە ئەو کارانەی لە لەبشی دووەمی ماددەی دوودا هاتوون وەك رەگەزی پێکهێنەری تانی جینۆساید دابنرێن کە کە ئەو کارانە بەرامبەر یەك یاخود چەند کەسێك ئەنجام بدرێن تەنها لەبەرئەوەی کە ئەندامی گروپێکی دیاریکراوون و. لەبەرئەوە تاوانبەرامبەرکراو لەبەر شوناسی کەسی خۆی هەڵنابژێرێت ، بەڵکو لەبەر ئەندامبوونی لە گروپێکی میللی، نەتەوەیی ، نەژادی یان زمانی تاوانەکەی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوە قوربانی هێرشەکە ئەندامی گروپێکی دیاریکراوە و هەر لەبەرئەو هۆکارەش هەڵبژێردراوە. مانای ئەم گوتەیەش ئەوەیە کە قوربانی تاوانەکە نە ئەندامەکان بەڵکو خودی گروپەکەیە.( نجفی ابرندآبادی :٨)

بۆیە دەتوانرێت بووترێت ئامانجی سەرەکی پەیماننامەی جینۆساید پاراستنی گروپە وپاراستنی تاکەکان بە پلەی دووەم دێت و لە راستیشدا لە دەرەنجامەکانی پارێزگاری لە گروپ دەبێت.( عزیزی: ٢٢٣) لەم رووەوە لقی یەکەمی دادگای یۆگسلافیا دەربارەی روونکردنەوەی چییەتی جینۆساید دەڵێت( لە کاتێکدا تاك یان ئەو تاکەکان کە بە زۆری قوربانی تاونەکانن، بەڵام دواجار لە تاونی جینۆسایددا قوربانی کۆتا گروپە، هەرچەند لەنابردنی هەر گروپێك داخوازی ئەنجامدانی تاونە بەرامبەر بە تاکەکانی ، واتە ئەو تاکتەی سەر بەو گروپەن)، دادگاکە لە بەردەوامی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەدا دەڵێت: نیازی جێبەجێکەری تاونەکە لە ناوبردنی (خودی) گروپەکە ب مانی هەبوویەکی سەربەخۆ وجیاواز لە تاکەکانی پێکهێنەری گروپەکەن)(میر محمد صادقی:١٠١-١١٢) بۆیە تاونبار ئەو کارە تەنانەت لەبەر رقی هو گروپە نییە و بەڵکو لەوەش تێپەر دەکات بۆ نیزێکی فراوانتر کە ئەویش لەناوبردنی (گروپ)کەیە هەمووي یان بەشێکی هەربۆیە تاوانی جینۆساید جودا دەبێتەوە لە تاونی ( شوێنپێهەڵگرتن و ئازاری بەردەوام) (prsecution) کە تێییدا تانبار قوربانییەکانی خۆی لەبەر سەر بە کۆمەڵە و گروپێکی دیاریکراوبوون هەڵدەبژێرێت ، بەڵام

له پای لەناوبردنی ئەو کۆمەڵەیە نییە). هەر لەبەر ئەو نیازە تایبەتەشە کە ژمارەی قوربانین گرنگ نییە، هـ تەنانەت ئەگەر بەرامبەر تاکە کەسێکیش تاوانەکە ئەنجام درا بێت ئەوا هەر دەچێتە ناو تانی جینۆسایدەوە مادام بە نیازی لەناوبردنی گروپ ئەنجام درا بێت. (عزیزی: ٢٢٤)

بێ: خاڵێکی دیکە کە پێویستی بە راڤەکردن هەیە لەم رووەوە بریتییە لە گوتەی(لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپ) کە دەتوانرێت ماناکە وا لێکبدێتەوە کە ئەگەر ئەنجامدەر مەبەستی لاوبردنی تەنها بەشێکیش لە گروپەکە بێت ئەوا دەتوانرێت بووترێت کە ناوانەکەی ئەنجام داوە. دادگای رواندا بە ئاماژە بۆ رای کۆمیتەی یاسای نێو دەوڵەتی دەڵێت: (پێویست ناکات کە ئەنجامدەر مەبەستی لەناوبردنی هەموو ئەندامانی گروپ لە هەر جێیەکی جیهان بێت)

دادگا لەوباوەڕەدایە کە لە نیەتی ناوبردنی بەشێکی لەبەرچاوی( Subtansial Number) گروپەکە بەسە بۆ ئەوەی کە تاوانەکە ساغ بێتەوە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە لەم رووەوە مەبنای تاوانەکە چۆنێتییە نەوەك چەندێتی.(عزیزی: ٢٢٥-٢٣٣)

جیم: شێوەی سەلماندنی نیاز: هەروەك وتمان دەبێت مەبەستی تاوانبار لەناوبردنی گروپ بێت، روونە کە ئەگەر تاونبار ژمارەیەکی زۆریش لەناو بەرێت بەڵام مەبەستی لناوبردنی گروپەکەیان نەبێت ئەوا ناتوانین بڵێین تاوانی جینۆسایدی ئەنجام داوە. لێرەوە سەلماندنی نیازی لەناوبردنی گروپ رۆڵێکی گرنگی دەبێت، لە راستیشدا قسەکردن لەسەر ئەو سەلماندنە لەناو کتێبەکاندا ئاسانە بەڵام کێشەکە لەو کاتەدایە کە تۆمەتبار لەبەردەم دادگادا ئامادە دەبێت و پێویستە کە دادوەر بەشێوەی براوە و بێگومان( القطعي واليقين) (Beyond all reasonable doubt)، روونە کە دادگا ئەگەر لە سەلماندنی ئەو نیازەدا سەرکەوتوو نەبوو ئەوا دەبێت بریار لەسەر بێ تاوانی تۆمەتبار بدات ، وەك ئەوەی دادگای تایبەت ب یوگسلافیا تۆمەتباری بەو دەلیلە ئازادکرد. لەبەر ئەوە هەروەك دادگای تایبەتی رواندا لە کەیسی (ئاکائیسۆ)دا دەربریوە بابەتێکی گەڵێ ئاڵۆزە.(عزیزی:٢٣٣-٢٣٨)

( نیاز رەگەزێکی مەعنەوییە و سەلماندنی زۆرگرفت و بەڵکو مەحاڵە ، هەر لەبر ئەوەشە بێ دانپێدانانی تۆمەتبار تەنها دەتوانرێت ئەو نیەیە لە رێی ئاماژە و نیشانەکانەوە بزانرێت). ٥

نیشانە و ئاماژەکانیش وەك دەربرینە سووکایەتیکارەکان و جۆری ئەو چەکەی بەکاربراوە و بەرنامە دارشتن و ژمارەی قوربانیانی کوژراو سەربەو گروپە.(کاسسە:٢٢٣)

حێ: پەیماننامەی تایبەت بە جینۆساید باسی بەرنامەدارشتنی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە نەکردوە، هەر لەبەر ئەوە لقی پێداچوونەوەی دادگای تایبەت بە یۆگسلافیا پێویست بوونی بەرنامەی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید نەسلماندووە ، بەڵکو تەنها وەك بەڵگەیەك بۆ سەڵماندنهی نیازی تاونبارانە پشتی پێ بەسنتووە.

خێ: هەرچەند هەستی پاوانخوازی و زۆرکردنی دەسەڵات و خۆسەپاندن خولیای ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدە. وەك ل رووداوی هۆڵۆکۆستدا بە دەستی نازییەکان دەردەکەوێت لەوانەیە خولیاکە بۆ زالبوون بەسەر زەوییەکی دیاریکراودا کە بەلای تاوانکارانی جینۆسایدەوە گرنگ بێت ، یاخود هەر خولیایەکی دیکە کە ئەگەر ئەو خولیایانە نەبوونایە تانبار بەکاری جینۆساید هەڵدەستا. ئیستا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا لەم حالەتانەشداا ئێمە لەگەڵ تاونی جینۆساید رووبەرووین؟!.

هەربۆیە لقی پێداچوونەوەی دادگای یۆگسلافیا بۆ ئەوە رۆشتووە خولیاکە هەرچی بێت قابیلی کۆبوونەوەیە لەتەك نیازی لەناوبرنی گروپە ، هەر بۆیە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە لە دارفۆر هەروەها بە چاوگرتن رووگەی دادگا تایبەتەکان خولیای لە لە رەگەزی مەعنەوی داناوە ، بوونی خولیا هیچ کاریگەرییەکەی لە هاتنە دی کاری تاونبارانەدا نییە.(عزیزی: ٢٣٨)

چوارەم: دادگاکانی تایبەت بە سزادانی تاوانبارانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید:

ئەلیف: لە ماددەی شەشی پەیماننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید دیاریکردووە کە لایەنەکانی تایبەت بە سزادانی تلونی جینۆساید بریتین لەدوو جۆر دادگا کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: دادگا نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە .

دووەم: دادگای نێو دەوڵەتی سزایی کە دەوڵەتەکان دانیان بە دەسەڵاتساندا نابێت ٦ (ئاوارە حسێن:٢٠١٧:٦٨٤)

بێ: ئەوەی جێي تێبینییە کە لە دەقی رەشنووسی یەکەمی پەیماننامەی قەدەغەکردن وسزادانی تاوانبارانی جینۆسایددا مافی جیهانی دادگاییکردنی جینۆساید بە هەموو وڵاتان سپێردرا بوو کە دادگا ناوخۆکانی ولاتان بۆیان هەبوو تاوانبارانی جینۆساید دادگایی بکەن بەڵام دەوڵەتە زلهێزەکان روبەرووی ئەم بابەتە بوونەوە، ئیدی مافی جیهانی دادگایی کردن لە دەقی پەیماننامەکەدا نەچەسپێنرا(Paym Aakhavan:233)

لەو رووەوە کە تاوانی جینۆساید لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتدارانەوە بەرامبەر بە کەمینەکان ئەنجام دەدرێت بۆیە هەڵسان بە دادگاییکردنی دەسەڵاتداران لە زۆربەی

حاڵەتەکاندا ئەنجام نادرێت ، لەو کەم حاڵەتانەشدا کە لە ژێر گوشاری کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتییەوە کاری لەو شێوەیەش ئەنجام بدرێت ئەوا کاردانەوەیەکی دەبێت کە بە دادگاییکردنی ئەو تاکانەی کە پێگەیان نزمە دەست پێدەکەن، تەنانەت لەدادگاییکدنی ئەم جۆرە کەسانەش عەدالەت رەچاو ناکرێت و دانیشتنی دادگاییەکردنەکە زۆربەی جار رووکەشانە دەبێت، لەم رووەوە ناتوانرێت هێوای گەورە لەسەر دادگا ناوخۆییەکان ببەسترێت.(عزیزی: ١٩٥)

مێژوو پیشانی داوە کە دادگا ناوخۆییەکان تەنها ئەو کاتە لە دادگاییکردنی تاوانیاراندا سەرکەوتوو بوون کە دەسەڵاتدارانی پێشتر لەسەر دەسەڵات لاچووبن. بۆ نمونە (ماکیاس) دیکتاتۆری گینە کە لە ماوەی دەسەڵاتی دا چەندین تلوانی ئەنجام دابوو لەوانەش تاوانی جینۆساید، کاتێك لەسەر دەسەڵات لابرا لە لایەن ئۆپزسیۆنەوە دادگایی کرا. ئەم دۆخە بە هەمان شێوە لە سەدام حسێنی سەرۆککۆماری عێراقدا دووبارە بوویەوە کە بەرامبەر ئەو هەموو تاوانەی لە کاتی دەسەڵاتیدا لە عیراق ئەنجامی دابوو لەوانەش تاوانەکانی جینۆسایدکردنی کورد( محمد رشيد حسن: ٢٠١٧). تەنانەت ئەو کاتەش مەبلیان بەلای ئەوەدا هەیەکە تاوانباران دادگایی بکەن لەبەر هۆکاری هەڵهاتنیان و پەنادانیان لە لایەن دەوڵەتانی تردەوە ناتونرێت ئەو دادگاییە ئەنجام بدرێت وەك ئەوەی لە دوای رووخانی دەسەڵاتی پڵنگە سوورەکان روویدا و ئەو دەوڵەتەی کە هاتە سەرکار تەنها توانی بەشێوەی لەوێنەبوون( غیابی ) سەرۆکوەزیران( پول بوت)( عزیزی: ١٩٦)

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە ناهێڵێت دادگایي کردنێکی دادوەرانەی تۆمەتباران بە تاوانی جینۆساید لە ناو خۆی وڵاتدا دادگایی بکرێت بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی دەزگای دادی وڵاتە ناتوانەکنا: هەر بۆ نمونە لە دەوڵەتی رواندا دواشەڕی ناوخۆو هەڵوەشاندنوەی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت لەانەش دادگاکانی ئەو وڵاتە.( هەمان سەرچاوە: ١٩٧)

هەروەها بە هۆی نەبوونی ئەزمونی دادگایەکی دادوەرانە و لە وڵاتاندا چونکە زۆربەی جار وا رێکدەکەوێت کە دادگاکانی ناوخۆی وڵاتان پێشتر ئەوجۆرە دادگایی کرنانەیانئ هنجام نەداوە ئەمە لە لایەکی دیکەوە بەهۆی ململانێی نێوان وڵاتە زلهێزەکانەوە تەنها لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووودایە کە هەولی دروستکردنی دادگایەکی نێو دەولەتی شێلگیر دەبێت وەك وتمان دادگای تاوانی نێو دەولەتی بە شێوەی کردەکی تەنها لە سالی ٢٠٠٢وە دەست بەکار دەبێت( Paym Aakhava 232-:233)

پێنجەم:: بەرپرسیارێتی تاونبارانی تاوانی جینۆساید و هاوکارانیان:

به گویرەی دەستووری کاری دادگا تایبەتە سزاییەکان بێجگە لە ئەنجامدەران راستەوخۆی تاوانەکە کەسانێکی دیکە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستتێوەردانیان لە تاوانەکەدا هەیە دەبێت سزا بدرێن. وەك فقیهـەکانی ئـەم بواره دەڵێن بازنـەی سزادان لـە تـاوانی جینۆسـایددا فراوانتـره. هـیچ گومـان لـەوەدا نییـە کـە ئـەم فراوانکردنـەی بازنـەی سـزادانە لـەم تاونـەدا بەڵگـاگەی چییەتی تایبەت و توندی ئەم تاونەیە.

بە گوێرەی دەستووری کاری دادگا سزاییە تایبەتـەکانی رواندا و یۆگسلافیا بە پشتبەستن بـە مـاددەی سێی پەیماننامـەی قەدەغـەکردن و سزادانی تـاوانی جینۆساید داڕێـژراون ئـەم کەسانەی خوارەوە بە جێەجێکاران و هاوکارانی تاوانی جینۆساید دەژمێردرێن:

ئەلیف: ئەنجامدەرانی تاوانەکە

بێ: پیلانگێران بۆ ئەنجامداندانی جینۆساید.

ئەنجامدانی راستەوخۆی تاوانەکە دیارترین شێوەی ئەنجامدانی ئەم تاونەیـە. جا بـە هۆی ئەنجامدانی کارێکەوە بێت( ئەنجامدانی ئەرێنی)

یاخود بـەهۆی ئەنجامنـەدای کـارەوە بێت( ئەنجامدانی نـەرێنی) چونکە لـە تاواننـانێکی وەك جینۆسـایددا زۆربـەی جـار ئـەوانـەی راسـەوخۆ بـە کارەکـە هەڵدەسـتن ژێـر دەسـتانن و بەرپرسـانی سـەرەوە رراستـەوخۆ ناچنـە نـاو کارەکـەوە. بێجگـە لـەوەش دەسـەڵاتدارانی سـەرەوە دەتـوانن چـاودێری و رێگـری بکـەن و ئـوەی کـە خۆیـان بـەو کـارە هەئلنەسـوون لـە بەرپرسیارێتی رزگارییان ناکات.

جـیم: هانـدانی راسـتەوخۆ و ئاشـکرای ئـەوانی دی بـۆ ئەنجامـدانی تـاوانی جینۆساید.(محاسب: ١٢٧-١٣٠)

لـە گفتوگـۆ پێشـترەکانی ئامـادەکردنی رەشنووسـی پەیماننامـەی جینۆسـایددا دادگـا لـە وەڵامی پرسیارێکدا لەم بارەوە کە رای خۆی لە پرسیاری یەکێتی سۆڤێت دەربري بووو بەم شێوەیە بووو:

لـە شێوەیەکدا ئەگـەر خـەڵکی هاننـەدرێن و یـان پێشـتر لـەم بارەیـەوە بەرنلمـەی بـۆ داننـەنرابێت شیمانەی ئـەوە نیـە کـە سـەدان هـەزار کـەس بـە ئەنجامـدانی تـاوانێکی ئـاوا هەڵسن . لە دۆخانێکی وادا چۆن دەکرێتکە رێگە بدرێت بزێنەران و هاندەران و رێکخەران لە سزا هەڵبێن لە کاتێکدا ئەوان بەرپسیلاری راستەقینەی ئەنجامدانی تانەکەنەن.( عزیزی:

حێ: دەستکردن و چوونە ناو ئەنجامدانی تاوانەکەوە( الشروع فی ارتکاب الجریمە):

دەستكردن و چوونە ناوەوە و هەوڵدتن بۆ ئەنجامدانی جینۆساید بێ ئەوەی ئەنجامەکەی بێتە دی لە ماددەی سێی پەیماننامەکە و دەستووری بنەڕەتی دادگا تیبەتەکاندا باسی لێوەکراوە: داگای سزایی تایبەت بە رواندا لە کەیسی ( موزما) بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم بابەتەی روونکردۆتەوە:

(لەو رووە وە و بە پشتبەستن بە پێناسە ، کە چوونە ناو و تاوانێکی ناتەواو و تاوانکاریی بوونی لە خودی خۆیدا تاوانێکی راشکاوە ، هەر دەستپێکردن بە تاوانی جینۆساید بە چاوپۆشی لەوەی کە دەستپێکردنەکە بە ئەنجام گەیشتووە یان نا، خۆی بۆ خۆی پێویستی بە سزادانە) (عزیزی:٢٥٠).

خێ: هاوکاریکردن لە ئەنجامدانی جینۆساید:

لقی یەکەمی دادگای سزایی تایبەت بە رواندا لە کەیسی( ئاکائیسۆ) دەستی بە راڤەکردنی ئەم بابەتەی ناو ماددەی (٣) ی رێککەوتنی دژی جینۆساید کردوە و باسی ئەوەشی کردووە کە هاوکاریکردن لە هەموو سیسەتەمە یاساییەکاندا لەوانەش لە سیستەمی یاسایی رۆمی_ ئەڵمانی و کۆمۆن لۆو هاوکاریکردن بە جۆرێك لە بەشداری تاونباراە هاتووەتە ژماردن.دادگاکە دەڵێت( هاوکاری تاوانبار کەسێکە کە راستەوخۆ لە جێگەیاندنی تاوندا هاوکاریی ئەنجم داوە، هاوکاریکردنی هەر لە خۆیدا داخازی بوونی هاوکاری ئەصڵییە)(عزیزی: ٢٦٠)

شەشەم: بەرپرسیارێتی نێو دەوڵەتی وڵاتان لە تاونی جینۆسایددا:

ئەو تەنها ماددەیەی کە تییدا ئاماژە بررپرسیارێتی نێودەوڵەتی وڵاتان دراوە بریتییە لە ماددهی نۆزدەی پەیماننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید کە دەڵێت:

ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان لایەنە رێککەوتووەکاندا دروست دەبێت سەبارەت بە شرۆڤە کردن و جێبەجکردنی ئەم رێککەوتننامەیە، بەو ناکۆکییانەشەوە کە بەندن بە بەرپرسیارێتی دەوڵەتێك لە جینۆساید یان یەکێك لەو کردارانەی تری باسراو لە ماددەی (٣)، لەسەر داوای یەکێك لە لایەنە ناکۆکەکان دەخرێتەبەردەم دادگای دادی نێو دەوڵەتی )( ئاوارە حسین:ل ٦٨٥)

ئەو سزا و بەرپرسیارێتییانەی کە تا هەنوکە لە باسی جینۆسایددا باسکراوون، هەموویان بەرپرسارێتی سزایی کەسین و پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی تاوانیی وئاتانەوە نییە. دەشێت بووترێت ئەمە یەکێك لەو خاڵە گرنگانەیە کە پەیوەندی تاوانی نێو دەوئڵەتی جینۆساید دەبەستێتەوە بە بابەتی عەدالەتی جیهانییەوە کە ئێمە لە داوای داهاتوودا باسی

لێوە دەکەین. بۆیە گرنگە لەم داوایەدا کە لە پای شرۆڤەکردنی بابەتی جینۆسایدین ئەوەندەی بابەتەکە ڕێگەمان پێدەدات لەسەری بووەستین ئەمیش بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەلیف: جینۆسایدناسان دەڵێن کە لە پیڤینەکانی ئامادەکردنی ڕەشنووسی پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و بە تاوانناساندنی جینۆساید دەربارەی ئەوەی کە لە پەیماننامەکەدا بی ڕاشکاوی باسی بەرپرسیارێتی دەوڵەتان بکرێت ڕای جیاواز هەبوو. نوێنەری دەوڵەتی ئینگلیز داوای کرد بوو کە ماددەی چوارەم دەستکاری بکرێت و بە جۆرێکی لێبکرێت کە بواری بەرپرسیارێتی تاوانیی دەوڵەتیشی تێدا هەبێت. بەو پێیە کە نەتەنها کەسە سروشتییەکان بەرپرسیارێتت اوانیی بکەوێتە سەرشانیان بەڵگ\اکو ئەو بەرپسیارێتییە بۆ دەولەتەکان و حکومەتەکان و ئۆرگان و دەزگاکانیان وەك کەسی مەعنەوی تێپەربکت. بەڵام هەندێك لە وڵاتانی وەك ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت و فەرەنسا لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو پەیماننامەیە تەنها بەرپرسیاریتی کەسەکانی تێدا لەبەرچاوگرتووە. بەڵام بەریتانیا پێي وابوو کە دەبێت بە ڕاشکاوی ئاماژە بە بەرپسیارێتی دەوڵەتان ئەنجام بدرێت . وڵاتی بەلجیکاش پشتگیری پیشنیارەکەی بریتانیای کرد . وڵاتای سوید و فەنزویلاش ڕایان لەگەڵ بەرپرسیارێتی شارستانی بوون نەوەك تاوانیی . پەنەماش ڕایگەیاند کە پەیماننامەکە پەیماننامەیەکی تاوانییە نەوەك شارستانی، بۆیە لەگەڵ هیچ جۆرە بەرپرسیارێتییەك لەسەر دەوڵەت نییە، بەو شێویە داواکەی وڵاتی ئینگلیز ڕەدکرایەوە بەڵام ئەو ڕەدکردنەوەیە بە مانای نەبوونی هیچ بەرپرسیارێتییەك لەسەر دەوڵەت نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتی شارستانی دەکەوێتە سەرشانی وڵاتان هەر بۆیە ماددەکە بەو شێوەیهی لێهات کە لەسەرەوە باسمان لێوەکرد

ئەوەی شایانی باسکردنە بریتییە لەوەی کە هەندێك لە وڵاتان لە کاتی ڕازي بوون بە پیناننامەکە بە مەرجەوە قەبوڵیان کرد وبە دەسەڵاتی دادگاییکردنی دادگاکە ڕازی نەبوون.(عزیزی: ٢٦١-٢٦٤)

بێ: بەڵام بەڵگەی وڵاتان بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرپرسیارێتی تاوانی دەوڵەتان چي بوو؟

لەوانەیە ڕای یەکێك لە دادوەران بە ناوی ( Owad) باشترین پیشاندانی بەڵگەی ئەو وڵاتانە بێت، کە دەوڵەت وەك کەسایەتییەکی مەعنەوي ئەپستراکت وەك کەسی سروشتی توانای نیازی تاوان و تاوانکردنی نییە. بەڵکو دەوڵەتان بکارهێنانی چەمکی بەرپرسیارێتی بۆ وڵاتان شتێکی بێمانایە. هەر وەك دانان بە بەرپرسیارێتی دەوڵەت پێچەوانەی ڕەوتی نیو حەفتاساڵی ڕابردووە کە یاسای نێو دەوڵەتی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەرپرسیارێتیی کەسی بخاتە بەر باس. (Moddox Brnwen: 36)

جیم: بەو پێیە بێت کەواتە وڵاتان تەنها لەو حاڵەتەدا بەرپرسیارێتی روویان تێدەکات کە کەمتەرخەمیان کردبێت لە رێگری لە روودانی تاوانەکەدا، یاخود کەتەرخەمیان کردبێت لە سزادتانی جێبەجێکارانی تاوانەکەدا. نوێنەری سیربیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لەبەرئەوەی دەوڵەتان برپسیارێتی تاوانیی روویان تێناکات و پەیماننامەکەش بۆ سزای تاوانییە ئیدی دەوڵەتەکان بەرپرسیارێتی روویان تێ ناکات مەگەر کەمارخەمییان کردبێت لە رێگری لە تاوانەکە یاخود سزادانی تاوانباران.(عزیزی:٢٦٤)

حێ: دادگای دادی نێو دەوڵەتی بە پیشاندانی راڤەیەکی پێشکەوتووانە لە ماددەی یەکی پەیماننامەکە بە تایبەت باسی پابەندبوون لە رێگری لە روودانی تاوانەکە کە لە خودی ماددەکەدا هەیە پیشانی دا کە دەوڵەتان پابەندن بە ئەنجام نەدانی تاوانەکە ئەویش لە رێگەی ئۆرگانەکان و تاکەکانی یان سیستەمەکەیەوە کە لە ژێر رێنمونی کۆنترۆڵیان بە فەرمانی دەوڵەت ئەنجامی دەدەن. ئەویش لە کەیسی سیربیا و بۆسنەو هەرزگۆبیندا بوو کە لە قازانجی دەوڵەتی بۆسنادا بوو و ئەمەش پسپۆرانی بواری سدانای تانانیی نئێو دەوئلەتی ورووژان، ئەمەیەان بە بەرپرسیارێتی تاوانی دەوڵەت لێکدایەوە ئەگەرچی ئەو بەرپسیارێتییە رووی تێناکتات کە ئەو پیلانی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە نەکردووە و توانکارانیی هاننەداوە و تەننها شتێك کە پێی هەڵنەساوە رێگرینەکرن بووە لە ئەنجامدانی تاونەکە لە سربرنیتسا.(عزیزی:٢٦٦)

خێ: بوونی بەرپرسیارێتی دەولەت رۆڵی هەیە لە سارێژکردنی برینی قوربانیان و هێنانەدی دادگەریی راگوزەر کە ئەویش ئاشتی و پێکەوەژیانە.

دال: یەکێك لە ئامانجەکانی پەیگیری تاونباران و جێبەجکارانی تاوانەکە لە لایەن دادگاکانی تاوانیی نێو دەوڵەتی و نەخستنە ئەستۆی دیوی سزای تاوانی دەوڵەتەکان کورتکردنەوەی سزاکە لەسەر تاکەکان ، مانای نەبوونی هیچ بەرپرسیارێتییەك لەسەر کۆمەڵگە نییە چونکە لەوانەیە کە تاکەکان بە جۆرێ لە جۆرەکان رۆڵیان هەبێت لە کەمتەرخەمیکردن و بەشداري ناراستەوخۆ لە تاوانەکەدا. بۆیە بەرپرسیاری کۆمەڵگەجیاوازە لە بەرپسیاری تاکی.( هەمان سەرچاوە: ٢٦٦)

زال: لە کاتی سەلماندنی رۆڵی دەوڵەت لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا وەك باسمان کرد ئەوا بەرپرسیارێتیی شارستانی رووی تێدەکات، لەوانەش قەربووکردنەوە و بەدەستهێنانی رەزامەندیهی دەوڵەتە زیانلێکەوتووەکە( لەوانەش داوای بەخشین و لێبووردن کردن)، لێرەوە لە لایەك هەندێ لە برینەکانی قوربانیان ئەگەر بە شێوەی سیمبولکش بێت تا رادەیەك سارێژ دەبێت، لە لایەکهی دیکە هەموو بەرپرسیارانی دەوئلەت و هاولاتیان کە بەشداربوون لە

تاوانەکەدا یاخود بێدەنگیان هەڵبژاردووە بەرامبەری دەبێت سزای تاوانی وەربگرن.( هەمان سەرچاوە: ٢٦٧)

داوای دووەم

دادگەریی جیهانی

لەو رووەوە ئامانجی هەر سیستەمێکی یاسایی دابینکردنی دادگەرییە بۆ شوێنکەوتوانی ئەو سیستەمە، دەبێت دان بەوەشدا بنرێت کە ئەم بابەتە بۆ سیستەمی یاسایی نێو دەوڵەتیش بە هەمان شێوەیە. تەنانەت لە پێشەکی دەستووری بنەڕەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە(پێویستە..دادگەریی سەروەر بێت). لە ماددەی یەکەمی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە ئەندامان دەبێت چارەسەری کێشەکانیان بە گوێرەی بنەمای دادگەریی و یاسای نێو دەوڵەتی بکەن). زاراوەی دادگەریی لە هەندێ بەڵگەنامە و ڕێکەوتنی نێودەوڵەتیدا هاتووە کە لە دادگای نێو دەوڵەتیدا بۆی بگەڕێنەوە مەبەست لێی ئەوەیە کە هەمیشە بە شوێن باشترین ڕێگاچارەوە بن کەگونجاو بێت لەگەڵ ئەو دۆخەی حوکمی بەسەردا دەدرێت. هێنانی زاراوەی ئینسافیش لە تەك زاراوەی دادگەرییدا لە زۆرێك لە بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییەکاندا بە مانای ئەوەیە کە عەدالەت لە کەیسی دیارکراودا بە لەبەرچاوگرتنی هەموو هۆکارە کاریگەرەکان و بە دوورخستنەوەی جێبەجێکردنی پیت بەپیتی و دەقیی ڕێسا یاساییەکان دێت(. سادەترین بیرۆکەی دادگەریی لە یاسای نێو دەوڵەتیدا خۆی لە گوتەزای(cuique summ)( هەلومەرجی یەکسان ئاکاری یەکسان، هەروەهاش هەروەك فەقیهی گەورەی نێو دەوڵەتی مێشێل وێراڵی لە وانەکانی خۆیدا لەسەر یاسای نێو دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٦٧ دا ئاماژە بەوە دەدات کە مامەڵەی هاوشێوە ڕۆڵێکی گرنگی لە یاسای نێو دەوڵەتیدا هەیە و ئەم ڕێسایە کە ئەگەرچی لە زاراوهیەکی وەك سزادانەوە ( القصاص) هاتووە تەنها پەیوەندی بەلایەنی تۆڵەسەندنەوە و نەرێنییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەخشینی تایبەتمەندی و لایەنی ئەرێنییشەوە هەیە ، تەنانەت تەنها پەیوەندی بە سیاسەتی بازرگانی نێوان وڵاتانەوە نییە، بەڵکو پەوەندی بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەشەوە هەیە. بنەمای دادگەریی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی یاسا نێو دەوڵەتییەکانی وەك یاساکانی جەنگ و پاراستنی بێلایەنی تێیدا و بوونی دادگەریی پسپۆری تاوخۆی ولاتان لە دادگا نێو دهوڵەتییەکانی وەك دادگای دادی نێو دەوڵەتی و هتد. ئەوەی جێی سەرنجە بابەتی عەدالەت لە یاسای نێو دەوڵەتیدا تەواوی تواناکانی خۆی پیشان نەداوە هێشتا زۆر بابەت ماوە کە ئەو بنەمایەی پێ بگات. بۆ نمونە مافی گەشەسەندن یەکێك لەو بوارانەیە کە بۆ قەرەبووکردنەوەی بێبەشییەکانی هەژارترین گەلەکانی جیهانە.( جون راولز :٢٠٠٧: ٤٥)

لەم چەمكەدا دوو بابەتی سەرەكی گرنگە كە لە لێكۆلینەوەیان دەربارە بكرێت: یەكەمیان چییەتی دادگەریی نێو دەوڵەتییە و دووەمیان چارەسەركردنی بابەتەكانی تایبەت بودادگەریی نێو دەوڵەتی لەوانەش بابەتە گرنگەكانی وەك جیاوازی دادگەریی ناوخۆی كۆمەڵگەكان كە زۆربەی تیۆریاكانی دادگەریی بۆ ناوخۆی كۆمەڵگەكانن. هەروەها پێچەوانە هاتنەوەی بنەما و رێساكانی یاسای نێو دەوڵەتی لە تەك بنەماكانی ئینساف وعەدالەتدا و چۆنێتی جێبەجێكردنی دادگەریی لە ناو سیستەمی نێو دوڵەتیدا.(Rawls, ٥ J,1999:5 )

یەكەم: چییەتی دادگەریی نێو دەوڵەتی (جیاوازی نێوان دادگەریی ناوخۆیی و دادگەریی نێودەوڵەتی):

لە چەند دەیەی رابردوودا یەكێك لە ئاڵۆزترین بابەتەكان بریتی بوو لە فراوان بوون وكشانی دیاردەی جیهانی بوون و كاریگەریی لە سەر ژیانی كۆمەڵایەتیی و تاكیی وكاریگەرییەگانیشی لەسەر دەزگا داواخوازەكان وەك یاسا و ئەخلاق و سیاسەت زۆر فراوانە. هەر كام لەو دەزگایانەش كە لەسێ سەدەی رابردوودا لەسەر بنەمای دەوڵەت نەتەوە دامەزراون بە قورسی خستوتە ژێر كاریگەریی خۆیەوە. یەكێك لەو چەمكانەی كە جێكەوتی فراوانی داناوە چەمكی دادگەرییە ، كە بە جۆرێكە دەوڵەت و تاكەكانی ناچاركردووە كە بە پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەكانیاندا بچنەوە. هەرچەندە دادگەریی جیهانیی بابەتێكی نوێی فەلسەفەی یاسا و سیاسەتە كە گوتارێكی داخوازانەیە، داوا لە تاكەكان كە لە ئاستی جیهانیدا دەكات كە ئەركی خۆیان بەرامبەر بە ئەوانی دی جێبەجێ بكەن(Tan 2017: 5). ئەمەش یەكێك لە گەرمترین بابەتەكانی دادگەرییە كە هەنوكە گفتوگۆ و لێكۆڵینەوەی لەو بوارەدا لهدسەر ئەنجام دەدرێت. پێشتر بابەتی دادگەریی تەنها لە ئاستی ناوخۆومیللیدا دەهاتنە نێو باسەوە، تیۆریاكانی داداگەرییش هەر لەو راسایەدا نووسراوون( sen 2017:265). بێگومان لە كشانی عەدالەت لە ئاستی ناوخۆوە بۆ رەهەندی جیهانی ئەو تیۆریایانە و چەمكەكەی تووشی كێشمەی زۆر كردووە. هەر ئەمەشە وای لە هەندێ لە تیۆرسێنەكانی عەدالەت بۆ نمونە فەلەسوفی دادگەریی بەناو بانگ جۆن راوڵز كردووە. كە تیۆریایەكی تایبەت بۆ عەدالەت لە ئاستە جیهانییەكەدا دبنێن(Rawls, J,1999:١٢ ) . بێگومان هەر لەبەر ئەوەی كە دادگەریش دواجار دەبێت لە لایەن یاساوە جێبەجێ ببێت و ئەوەش روونە كە چەمكی یاساش لە مێژووی خۆیدا پابەندي دەوڵەت و سەروەرییەكەیی و جێبەجێبوونی بەسەر هەرێمەكەیدایە. كاتێك چەمكی عەدالەتیش گۆرانكاریی و كشانی بۆ ئاستە جیهانییەكە ببێت بە دڵنیاییەوە

کاریگەریی لەسەر چەمکی یاساش دەبێت. دەبێت بیریارانی یاسا و سیاسەتی ناوخۆ وانەزانن بە تایبەت کردنی بابەتە یاسایی و سیاسییەکان لە گۆڕانکارییە جیهانییەکانی ئەو بوارانە پارێزراو دەبن. کەوا دەردەکەوێت کە هەر بەم زووییە ناچاردەبین سیگناڵی گوتاری سیاسی و یاسایی خۆما بەرەو رووگە جیهانییەکە وەرچەرخێنین ، بە تایبەت کە کە ئێمە تاوانێکی نێو دەوڵەتی و جیهانی وەك جینۆسایدمان بەرامبەر ئەنجام دراوە،(ئاوارە حسێن: ٢٠١٧:٥٩٧) دەبێت رەهەندە جیهانییەکانی دادگەریی درك بکەین بە تایبەتی رەهەندە تاوانیی و سزاییەکەی. بە لام بۆ ئەوەی چەمکی دادگەریی جیهانی روونبکەینەوە دەبێت لە تیۆریا نێو نیشتمانییەکانی دادگەرییەوە دەست پێ بکەین . لەبەرئەوەی کە هەرچەند دادگەریی جیهانی جیاوازە لە دادگەریی ناوخۆیی بەڵام دواجار ریشەی تیۆریاکانی داگەریی جیهانی لە ناو تیۆریا ناوخۆییەکاندا دەبینرێتەوە.

لەبەرئەوەی تیۆریاکانی عەدالەتی ناوخۆیی زۆر و زەبەندەن باسکردنی هەموو ئەو تیۆریایانە لە حەوسەڵەی لێکۆڵینەوەیەکی وەك ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاترە بۆیە دەتوانین تیۆریاکانی پەیوەند ی دادگەریی ، ئەوانەی ئەگەری گواستنەوەیان بۆ ئاستە جیهانییەکە هەیە بۆ چوار تیۆریا دابەش بکەین: ئەوانیش ئەوانەی کە پەیوەندییان بە دادگەریی دابەشکارییەو هەیە(مایکل ساندل :٨٤). بەلام خۆ تیۆریاکانی عەدالەت تەنها توریای دابەشکاریی نین بەڵکو لە ناو ئەواندا تیۆریاکانی دادگەریی چاککازیش هەن کە پەیوەندییان بە تاوان و سزادانەوە هەیە. بۆیە پێویستە بە کورتی لە هەردوو جۆرە تیۆریاکە بدوێین:

ئەلیف: تیۆریا ناوخۆییەکانی دادگەریی دابەشکاریی:

دەکرێت تیۆرایا دابەشکارییەکانی دادگەریی بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بۆ تیۆریا دەستێوەردەرەکانی دەوڵەت و تیۆریا دەستێوەرنەدەرەکان.تیۆریا دەستێوەرنەدەرەکانیش توریای لیبرال کلاسیکەکان و هەندێ لە تیۆرسێنە ئازادی سەنتەرە نوێکانی وەك نۆزویکە. کە باوەریان بە ئازادی کۆمەڵگە و بەس بوونی بازاڕە بێ دەستێوەردانی دەسەلاتی گشتی و دەوڵەت.(میشیل فوکو: ١٦٦) ئەمە لە کاتێکدا تیۆریا دەستێوەردەرەکانی دەوڵەت زۆرترین و دیارترین تیۆریاکانی عەدالەتن کە باوەریان وایە کە دۆخی ئاسایی کۆمەڵگە و بازاڕ بەس نین بۆ ئەوەی دادگەری دابەشکاریی پێویستی و کالا گشتییەکان بێنەدی بەڵکو دەبێت دەوڵەت جارێکی دی دابەشکاریی ئەنجام بداتەوە تا دادگەریی بێتە دی و چاکە و کالاگشتییەکان بەردەست بێن، جا ئەو دەستێوەردانەی دەوڵەت یان راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ دەبێت، بە گوتەیەکی دی دەستێوردانەکە یان لانی کەمی دەبێت یاخود لانی زۆری

( دەستێوەردانی لانی کەمی هەر هێندەیە کە بەستێنەکانی بازاڕ دروست ببن ومامەڵەکاریی ناو بازاڕ بگیرسێت. واتە دەستێوەردانەکان بۆ ئەوەن کە چوارچێوەی بازار بوونی هەبێت ودروست ببێت. چونکە بازار بابەتێکی دروستبووە و لە کۆمەڵگەدا خۆرسك نییە وەك ئەوەی نیۆ لیبرالەکان و تیۆرسێنەکەیان فۆن هایك وای بۆ دەروات. ( میشیل فوکو: ٢٣٨)

ئەمە لە کاتێکدا دەستێوەردانی لانی زۆری بە پێویستی دەزانێت بە دەستێوەردانەکان تەنها بۆ رسکاندن و دروستکردنی بازاڕ نییە بەڵکو بۆ گۆڕانکاریی و دووبارە دابەشکردنەوەی کاڵاو چەکەی گشتییە. ( مایکل ساندل: ٨٤)هەر لێرەوە دەتوانین تیۆریاکانی دادگەریی دەستێوەردانی ناوخۆ بۆ ئەم تیۆریانای خوارەوە دابەش بکەین:

تیۆریا دەستێوەردانە ناراستەخۆکان:

تیۆریای ئازادی سەنتەر، ئەم تیۆریا عەدالەت لەوەا دەبینێتەوە کەمیری تەنها هەر هەێندە دەستوەربدات کە ئازادی بۆ تاکەکان دابین ببێت، دەتوانین بڵێین ئەمە تیۆریای نیۆلیبراڵەکانە (Barry, 1995: 86-93)جیاوازی ئەمانیش لەگەڵ لیبراڵە کلاسیکەکان لەوەدایە کە ئەمان باوەڕیان وا نییە کە هەم بازار سروشتی بێت و هەمیش مامەڵە ئاڵووێر بنەمای بازاڕ بێت بەڵکو باوەڕیان وایە کە بازار دەبێت دروستبکرێت و هەمیشکێبرکێ بناغەی بازارە و هبێت دەسەڵاتی گشتی لە هەردوو ببەتەکەدا رۆڵێن هەبێت.Steiner, 2005: 36-37

تیۆریای هەلی یەکسان خولقێن، لە راستیدا ئەمانە ئاوێزەیەك لە تیۆریا دەگرێتە خۆ وەك تیریاکەی دوورکین و تیۆریای ئامارتیا سین بۆدادگەریی کە یەکەمیان باوەڕیی بەوەی کە کاڵا وهەلەکان لە سەرەتادا یەکسان بن. هەموو تاکەکتن بری پارەی یەکسانیان پێ بێت وبازار و کۆمەڵگەش بە زیادگەیهك دابنرێت و زیادکردنی ئاشکرا بۆ کۆمەڵگە ئەنجام بدرێت تا لەو زیادکرنەدا ئەو جۆرە کائلاو ژیانە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت. هەروها ئامارتیاسینیش باوەڕی وایە کە دەبێت تاونا جیاوازەکان وەك یەکیان لێبکرێت واتە هەوڵ بدرێت توانا لاوازەکان بگەیەنرێنە ئاستی توانا لێهاتووەکان تا ئەو جۆرە ژیانە هەئلبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت(Sen2002 43-4 )

تیۆریا دەستێوەردە راستەوخۆکان:

تیۆریای یەکسانی، ئەم تیۆیایە لە تیریا دەستێوەردەرە راستەوخۆکان دێتە ئەژمار کە بە بە هەموو تیۆریای یەکسانخواز و خۆشگوزەرانیی دەگرێتەوە کە یەکسانی نارووکەش و قووڵی ناو تاکەکان لایان سەنتەرە.(Cohen 2008 :114-113)

تیۆریـای ئینسـاف، ئـەم تیریایـە ئـەو تیۆریایانـە دەگرێتـەوە کـە هـەوڵی یەکسـانکردنەوە دەدەن ، باوەریشـیان وایـە کـە نایەکسـانییەکان دەبێـت بـە قـازانجی بێبەشـەکان بشـکێنەوە. لوتکەی ئەم بابەتەش لە تیۆریاکەی جۆن راولزدایە.( Barry ٢٠٠٥ ١١ )

تیۆریاکانی سوودگەرایی، ئەم تیریایانە ئەو تیۆریایانەن کە عەدالەت لەوەدا دەبیننەوە کە لـە ئەنجامـدا دابەشـکریی و کارەکـان بـە قـازانجی زۆرینـە بشـکێنەوە. ئەمـە قوتابخانـەی سوودگرای بەناوبانگی مێل و بینتامە. کە دیموکراتی نوێ لەسەر بنەمایان دروست کراون. ( 241-240-Singer )

بێگومان کاتێك ئەم تیۆریایانە لەگەڵ بابەتی عەدالـەتی جیهانی لینك پەیدا دەکەن کە مەیدانی کارکردنی هەرکامیان لەناوخۆوە بگوتزرێتەوە بۆ جیهان.

بێ: تیۆریاکانی دادوەریی چاککردنەوە٧:

ئـەم جۆرەی دادگـەریی راستـەوخۆ پەیوەنـدی بـە بابـەتی لێکۆڵینەوەکـەی ئێمـەوە هەیـە ئەگـەرچی جۆری پێشووتریش بێ پەیوەندی نەبووە،مەبەست لە تیۆریاکانی چاککردنـەوەش ئەو تیۆریایانـەن کە لـە بابـەتی سزادان دەدوێن، ئـەو نیۆریایانـەی کە سزای تاوانبار چییـەو دەبێت چۆن بێت و بۆچی ببێت؟

دەتوانرێـت قوتابخانـە و تیۆریاکـانی عەدالـەتبۆ دوو دەسـتە و رووگـە دابـەش بکـرێن رووگەیەکیان بۆ رابردووەو و دووەمیان روو بە پێشە

١-رووگەی رابردوو( دەستەی تیۆریاکانی شایستەبوون):

ئـەم تیۆریایانـەش ئاوێزەیـەك لـە تیریـا لـە خۆدەگرێـت کـە باوەریـان وایـە کـە زادانـی تاونبـار پێویستە. لەبەرئـەوەی تاوانکـار تـاوانێکی بهـە ویسـت و ئـارەزووی خـۆی ئـەنجام داوە پێویسـتە بـاری بەرپـسیارێتی خـۆی هـەڵبگرێت و بـاجی تاوانەکـەی بـدات هـەر بۆیـە ئەوشایستەی سزادانە.

لـە ناوفەیلەسوفەکانی سـەردەمی نوێدا هێگڵ وکانـت و لـە قوتابخانـە ئەخلاقییەکانیشدا قوتابخانەی ئەرکگەرایی باوەریی بەم رایە هەیە. کە کورتەی تیۆریاکە ئەوەي کە مرۆڤ خاون کەسایەتی و وبـایستە و کاتێك کارێك ئەنجام دەدات دەبێت بەرپرسیارێتی کارەکەی هـەڵبگرێت ئیـدی ئـەو کـارەی هـەرچی هەیـە. بـۆ نمونـە کاتێـك تاوانێـك ئـەنجام دەدات لەبەرئەوەی سزا نادرێت لەبەرئەوەی تەمێ بکرێت تا جارێکی دیکە بەو کارە هەڵنەسێتەوە یاخود خەڵکی دیکەش پەند لە سزادانەکەی وەربگرن و تاوانی لەو شێوەیە ئەنجام نـەدەن. بـە[لکو لەبـەر ئـەوەی کـە پێشـر تـاوانی ئـەنجام داوە. هـەر بۆیـە کـانتی فەیلەسـوف وەك دامەزرێنـەری قوتابخانـەی ئەرکگـەرایی سینارۆییەك بـاس دەکـات بۆ پیشـاندانی قووڵی ئـەو

بابەتە، دەڵێت: وا دابنێ کە تۆ لە دوورگەیەکدا دەژي ت و دوورگەکە خەریکە لە دەریادا نغرۆ دەبێت و هەموو دانیشتوانی خەریکی تێداچوونن بە تۆیشەوە. تۆش دەزانیت کە زیندانییەك بوونی هەیە و لە ناو زینداندایە ل لەبەرئەوەی تاوانی کوشتنی ئەنجام داوەدەبێت بگەرێیتەوە و ئەو زیندانییە بکوژیت لەبەر تاونەکەی هەرچەند دەزانیت هەموو دوورگەکە بە تاونبارەکە و تۆیشەوە خەریکە تێدەچێت. لەبەرئەوەی ئەو شایستەی سزادانە. ئەگەر سەرنج لەم سینارۆیە و تیۆریاکە بدرێت ئەوە بە روونی دەردەکەوێت کە روو بە رابردووە و تەنها لەبەرئەوەی تاونبار لە داهاتوودا تاوانێکی ئەنجام داوە بۆیە سزا دەرێت و بۆ چاککردنی دۆخی داهاتوو نییە. لێرەوە چەمکی تۆڵەسەندنەوە و حەوانەوەی قوربانیان لە سزادانی تانبار خۆیان پیشان دەدەن ئەگەر ئامانجەکە تەنها سزادان بێ لە پێناو رابردوودا.(مارك تبيت: ٢٥٢-٢٥٥)

رووگەی داهاتوو( دەستەی تیۆریاکانی سوود گەرایی):

ئەمانە ئەو تیۆریایانەن کە سزای تاونبار نادەن تەنها لەبەرئەوەی لە رابردوودا تاونێکی ئەنجام داوە_ تەنانەت لەبەرئەوەی بە ویستی خۆی تاوانەکەی ئەنجام و شایستەی سزادانە_ بەڵکو لەبەرئەوەیە سزادان لە هاتوودا بەقازانجی زۆرینەی کۆمەڵگەیە و دەرەنجامەکەی وا دەکەوێتەوە کە بەقازانجی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، کە هەم تاوانبار تەمێ بکرێت و هەمیش خەڵکی دیکە پەند وەبگرن تا تاوان ئەنجام نەدەن. لەبەرئەنجامەکەیە تەنانەت ئەگەر تاونبار بە نەویستانە یاخود بە ناچاریش کارەهی ئەنجام دابێت. لە راستیدا ئەم رووگەي بۆ ئەو تیۆریایانە دەگەرێتەوە کە سەر بە قوتابخانەی ئەنجامگەرا و لە ناو ئەنجامگەراییشدا سوودگەران کە دامەزرێنەرەکانی لەسەردەمی نوێدا هەردوو فەیلەسوف مێڵ و بێنتامن. دەتوانرێت بووترێت ئەم قوتابخانەیە لەسەردەمی نوێدا نەوەك هەر یاسا بەڵکو بنەمای زۆرێك لە تیۆریاکانی زانستەکانی وەك سیاسەت وئابووری و ئاکاریشە.( وكيو ژرژ دل:٥٧)

لە فەاسەفەی یاساشدا لەناو قوتابخانەی پۆزەتیڤیزمدا زۆر بە باشە دەردەکەوێت. (مارك تبيت:٢٩)

جیم: هەرچەند زۆر بە کورتی باسی دوو رووگەکەی دادگەریی چاککردنمان کرد و بێگومان لە خۆگرتنی هەر کام لەو دوو رووگەیە بۆ سیاسەتی تاوانیی ناوخۆیی و نێو دەولەتی. رەخنەی زۆریش رووبەرووی هەرکامیان کراوەتەوە ئێمە لێرەدا ئاماژە بە یەکێك لەو رەخنانە دەکەین کە سەرەکیترینیانە و هەردوو رووگەکەش دەگرێتەوە ئەویش بریتییە لەوەی هەردوو رووگەکە زۆرتر مامەڵەی میکانیکی و رێکخستنانە لەنەك تاونباردا دەکەن و

هیچ هاوسۆزییەکی بۆ تانبار تێدا نییە. نە لە رووگەی شایستەگەرادا کە لەبەرتاونی رابردوو تاونبار سزا دەدات و روونە رابردووش هەرگیز ناگەرێتەوەو تەنانەت ئەگەر هۆکاری دەرەکیش رۆڵی زیاتریان هەبووبێت لە ویستی تاوانبار دائەوا هەر ئەم رووگەیە سزای تاوانبار دەدات. (مارك تبیت: ٢٥٢-٢٦٥)

لە کاتێکا رووگەی دووەم تەنها بەرژەوەندی زۆرینە لەبەرچاو دەگرێت و رێکخستنی کۆمەڵگە بێ ئەوەی هیچ هاوسۆزی و شەفەقتێك بەرامبەر تاونبار بنووێت ، تەنانەت ئەگەر سزاکەشلەبەر رەچاوکردنی لایەنی دەروونی و حەوانەوەی قوربانیان بێت بە تۆڵەسەندنەوە دیسان لێرەشدا هەر لایەنی سۆزاوی لەبەرچاو گرتووە و لایەنە ئاکاری و مرۆییەکەی پشتگوێ خستووە.دەشێ بووترێتئەم قوتابخانەیە هیچ لاکردنەوەیەکی بەلای مرۆڤەوە نییە و تەنها کۆنترۆڵکردن و رێکخستنی کۆمەڵگەی بەلاوە گرنگە. لەم رووگەیەودا دەبێت مرۆڤە بێویستەکان و ئاژەڵەکانیش ئەگەر زیانیان بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە بوو ئەوا دەبێت سزا بدرێن. رەنگە هەر ئەم رووگەیە وایکردبێت تاوانەکانی وەك جینۆساید و تاوانەکانی شەر و لەناوبرنی کولتوور و ژینگە و ئاژەڵکوژیش ئەنجام درابێت( مایك ساندل:٨٤-١٠٢)

حێ: بۆیە هەندێك لە فەیلەسوفەکانی یاسا و ئەخلاقیش بۆ ئەوە رۆشتوون نەوەك هەر تاوانەکان بەڵکو شەرەکانیش لە ئەنجامی لەخۆگرتنی ئەم دوو رووگەیەوە بووە لە لایەن دەوڵەتانەوە. هەر بۆ ئەمەش هەوڵی ئەوەیان داوە کە دادوەری چاککردن لەسەر بنەمای قوتابخانەیەی دیکە دابرێژن ب ناوی (دادوەریی فەزیڵەت). هەرچەند ئێمە لەم بابەتەدا لە پای ناساندنی ئەو رووگەیە نین ئەگەرچی لەبەر نوێ بوونی لە بواری یاسادا کەمتر خزمەتی کراوە بەڵامهەندێ ل فەیلەسوفەکان هەوڵی گاستنەوەیان داوە بۆ ناو جیهانی یاسا و سزای تاونیش کە کار لەسەر ناوەوەی مرۆڤ و چاککردنی دەکات لەتەك چاککردنی دۆخی دەرەکی تا هەم تاوانیش روونەدات و هەمیش توانی گۆرانکاریی و مەلەکەی چاککبوون لای تاوانبار دروست ببێت و هاوسۆزیش لەتەك قوربانیان و تاوانباریشدا بنوێنرێت.( مك اینتایر لە ( جامعەگرایان ونقد لیبرالیزم: ٩٤-١٠١))

دووەم: دادگەریی وەك رێگەیەکی شیکارییانە:

ئەلیف: دەتوانرێت تیۆریاکانی دادگەریی بە دوو شێوە پۆلبەندی بکرێن. یەکەم ئەو تیۆریایانەی کە بەها سەنتەرن، دووەم ئەو تیۆریۆیایانەی کە شیکارین. جۆری یەکەم ئەو تیۆریایانەن کە بەلایانەوە دادگەریی بەستراوە بە چەمکێك یاخود چەند چەمکێکی سەنتەرییەوە ودادگەریي کاتێك بوونی هەیە کە ئەو چەمکانە بێنە دی؛ جا بە زۆری ئەم جۆرە لە

تیۆریـای دادگـەریی بـە چێوەی دوو چـەمکی یەکسـانی و ئازادیـدا دەسـوورێنەوە واتـە ئـەو تیۆریایانـە ئاوێزەیـەك پێکدەهێنن لـە نێوان هـەردوو بـەهای یەکسانی و ئازادیدا واتـە لـەم سـەریی یەکسـانییەوە کـە تیۆریـا مارکسـی و چەپـەکان دەسـت پـێ دەکـات تـا دەگاتـە ئـەو تیۆریایانەی کە ئازادی لە هێنانەدی بەهای ئازادیدا دەبیننەوە.(استاینر:١٣٨٢:٥)

بێ : دیاریکردنی هەر کام لە تیۆریاکانی پەیوەند بە بەهاکانەوە بە دوو شێواز دەبێت؛ کە یان ئەواتا هەر لەسەرتاوە بەهاکە دیاریدەکرێت وپاشان ئەو تیۆریایەی کە ئەو بەهایە دەهێنێتە دی لەسەر ئەو حسێب دەکرێت. یان ئەواتا بازنەیەك دەکێشرێت بۆ بەهاکان و بە گوێرەی دوور و نزیکیان لەو بازنانەوە دیاري دەکرێیت کە تیۆریاکان لەکام لە بزنەکانەوە نزیکن (Neill'O: ١٦٣-١٦٦).

جیم: تیۆریا بەهاییەکان لە هەر کام لە بەهاکانەوە نزیکن و ناشکرێت بووترێت تـەنها ئامانجیان هێنانـەدی هـەموو بەهاکانـە. بـەڵام دەکرێت بـە گـوێرەی نزیکیـان بەهایـەك سەنتەر بێت و بەڵام بەهایەکی دیکەش لە تیۆریاکەدا بێتە دی. بۆ نمونە دەشێت بووترێت کە بەهای یەکسانی سەنتەر بێت بەڵام دەشێت بوترێت دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە دەبێت تاکەکان لە بوونی بە های ئازادیدا بۆ هەموان یەکسان بن. (. Risse ,15-19)

حـێ: تیۆریاکـانی یەکسانی یـاخود لـە یەکسـانی نزیکـەوە ۆرتـر تیۆریـای مارکسـی و چەپـەکان وکۆمـەڵ سـەنتەرەکانن، تیۆریاکـانی ئـازادی سـەنتەریش تیـرای لیبراڵـە نـوێ و کۆنەکانن و هەرچەند لە تیریاکانی وەرگیراو لە لایەن سۆشیاڵ دیموکراسی و دیموکراسییە ئاینییەکانەوە هەوڵی کۆکردنەوەی هەر دوو بەهاکانیان داوە.(ساندل:١١٧)

سێیەم: تیۆریا شیکارییەکان:

ئەلیف: ئەم جۆرە تیۆریایانە ئەو تیۆریایانە دەگرێتەوە کەروویەکی کردەییان هەیە و وەك لۆجیکی کردەیی چارەسەریی بابەتە دادگەرییەکاندا دەردەکەوون، یانی لێرە دادگـەریی وەك بەهایـەکی هـخلاقـی سـەیر ناکرێت بـەڵکو لـە کـاتی بـوونی هەمـە جۆریی و بـەهای ئەخلاقی جیاوازدا کاتێ تێگیران یاخود هاودژی لە نێوان بەهاکاندا روویدا ئەوجا رۆڵی ئەم بەهایانـە دروست دەبێت. بۆیـەش دەووترێت رۆڵـی ئـەم تیۆریایانـە رۆڵێکـی کردەییـە بـۆ چارەسەرکردنی تێگیرانەکان و هاودژییەکان. (Garcia:١٧)

بـێ: پێشـگریانەی ئـەم تیۆریایانـە هەمـەجۆریی هـەڵبژاردنی ئامـانجی نێـوان تاکـەکان وگروپەکانـە، واتـە هـەرکام لـە ئێمـە بـەهای سـەربەخۆ و رێگای ژیـانی سـەربەخۆمان هەیـە ولـە کـاتی بـە کردەیی کردنـی و ئـەو رووگـە و بـەها ئەخلاقییـە باوەر پێکراوەدا هـاودژی لـە نێـوان بـەها ئەخالاقییەکانـدا روو دەدات هـەر بۆیـەش پێویسـتە رێکـاریی کردەیـی بـۆ

چارەسەریی ئەو هاودژییانە بوونی هەبێت، هەر لێرەوە پێویستمان بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی کردەیی هەیە و هەروەك ئایزایا بەرلین دەڵێت( ئاماج و کردارەکانی مرۆڤ خۆبەخۆ لەگەڵ یەکنایەنەوە. . تیریاکانی دادگەریی شیکاریی ئەو بنەما ولۆجیکە کرداریانە دەهێننە دی.(استاینر: ٢٢)

جیم: تیۆریا کردەییەکانی عەدالەت وەڵامی پسیارگەلی وەك بۆچی دەبێت تاکەکان مل بۆ دەسەڵات و یاسا دەنەوە و یاسا بە چ مافێك خۆی بەسەر هاوولاتیاندا دەسەپێنیت و دەتوانێت سزایان بدات.( هەمان سەرچاوە: ٢٣)

حێ: ئەو تیریایانەی بە تیۆریای شیکاریی حسب دەکرێن بریتین لە تیۆریاکانی جۆن راڵز و ئامارتیا سین و ساینەر.( هەمان سەرچاوە: ٢٣)

خێ: تیۆریای ساینەر بەوە خۆی دەناسێنێت کە تەنها تیۆریاکەی ئەو دەچێتە تیۆریا شیکارییەکان و دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوو بداتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو ریسا عادیلانەیە کە دەبێت لە پیشدا بەشی هەر کەس دیاري بکەین ئەوجا هەر کەس لێي لادا سزا بدرێت، ئەمەش مانای وایە کە دادگریی دابەشکاریی پیش هەر جۆرێکی دیکەی دادگەرییە ، بە بوونی پشکی یەکسانی بەرامبەر بۆ هەموان بە گوێرەی ریسای ( دۆخی هاوجۆر مامەلەی هاوشێوە ) ئەویش ئەگەر هەر کام لە پێوەرەکانی تیۆریاکی دیکە بکرێتە بنەما هیچ جیاوازییەك دروست ناکات، بۆ نمونە ئەگەر شایستەیی بکەینە بنەما ئیدی دەبێتە هۆی پێشخستنی لایەنەکانی دیکەی وەك گەشەپێدانی و خۆشگوزەرانی. بێگومان زیاتر نووسین لەسەر ئەو تیۆرایانە لە دەرەوەی بواری کارکردنی ئەم لێکۆلینەوەین.( هەمان سەرچاوە: ٢٤)

چوارەم: دادگەریی جیهانی: دوای ئەوەی باسی زۆرلایەنی تیۆریاکانی دادگەریی ناونیشتمانی و ناو هەر کام لە کۆمەڵگەکانمان کرد. هەنوکە پێویستە باسی دادگەریی جیهانی بکەین:

ئەلیف: وا پێدەچێت کە بە سادەیی وا بێتە بەرچاو کە دادگەریی جیهانیی گواستنەوەی تیۆریاکانی ناونیشتمانی بێت بۆ ئاستی جیهانی. هەر بۆنمونە گواسنتنەوەی تیۆریای جۆن راوڵز ( دادگەریی وەك ئینساف) بە ئاستە جیهانییەکە ئەوە ئیدی دادگەریی جیهانی دەست دەکەوێت. بۆ نمونە بەکارهێنانی بنەما و چەمکە سەرەکییەکانی ئەو تیۆرییایە( بنەمای پەردەی غافڵانە و بنەمای ئازادی بۆ هەموان و بنەمای لە ئەگەریی بوونی نا یەکسانیدا دەبێت بە قازانجی بێبەشەکان بشکێتەوە) لە ئاستە جیهانییەکەدا دەبێتە هۆی ئەوەی دادگەریی لە ئاستە جیهانییەکەدا بێتەدی. ئەوساش جیاوازی نێوان دادگەریی جیهانی

و دادگەریی ناوخۆیی تەنها لە رووی چەندێتییەوە دەبێت. واتە جیاوازییەکە لە دەسەڵاتی گشتی و دوڵەتداریدا دەبێت. واتە هەر هێندە پێویستە دەوڵەتێکی جیهانی دروست ببێت کە هەڵسێت بە حومرانی عادیلانە جا پشت بە هەر تیۆرییاەك لەو تیریاینەی سەرەوە ببەستێت گرنگ نییە_ جیهان دەوڵەت وەك ئەوەی فەیلەسوفی ئەڵمانی کانت بانگەشەبۆ دەکرد. هەنوکەش لە ئاستە جیهانییەکەدا هەر سێ دەسەڵاتەکە( جێبەجێکار، داد، یاسادانان) رۆژ بەرۆژ زیاتر رۆڵ پەیدا دەکەن.( راولز: ١٦:٢٠٠٧)

بێ: بەڵام بە بیرکردنەی زیاتر دەردەکەوێت ئەو ئەنجامگیرییەی سەرەوە کاڵ و نەشارەزانەیە. ئەویش نەك هەر لەبەر ئەوەی تیۆریاکانی عەدالەت لە جبەجکردنیان لە ناوخۆی وڵاتان کیشەیان هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ناوخۆی وڵاتان و ئاستە جیهانییەکە؛ لەوەدا کە کەسی سەرەکی ناوخۆ کەسە سروشتییەکانن، ئەمە لە کاتێکدا کەسی یەکەمی یاسای نێو دەولەتی وڵاتانن.. هەروەها یەکدەسەلاتی و بوونی هێزەکانی وڵات لە ناوخۆدا جیاوازە لەوەی کە لە ئاستە جیهانییەکەدا بوونی هەیە. هەروەك سەرچاوەکانی یاسای نێو دەولەتی و کەسایەتی و ئەرکی دەزگا و بنەما یاساییە نێو دەوڵەتییەکان لە دەرەوەی وئات جیاوازە لە ناخۆی وڵات. . بە جۆرێك زۆر جار وا رێکدەکەوت کە پابەند بوون و وەفاداریی بە رێسا و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان پێچەوانە دێتەوە لەتەك پابەندەبوونە یاساییە ناوخۆکان. بێجگە لەوەی دیدی دەولەتان بۆ هێنانەدی ئامانجە نێو دەوڵەتییەکان یەکسان نیە، هەر دەوڵەتەو باوەري وایە کە بێ جێبەجێکردنی بۆچوونی ئەو ئاشتی و دادگەریی جیهانی دێتە دی کە زۆرجار ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هەر ئەو خواستی ئاشتیە نائاشتیبوونی لە ئاستی جیهانیدا لێبکەوێتەوە.(احمدوند : ٧٦)

جیم: بێجگە لەوەی یەکێك گرنگترین سیماکانی کۆمەڵگەی نێو دەولەتی بریتییە لە جیاوازی نێوان وڵالتان و گەلان و ئەمەش وایکردووە کە دەوڵەتان هێزی تۆبزی خۆیان بەسەر گەلانی ژێر دەستی خۆیان یاخود کەمینەکانی ناوخۆیاندا بسەپێنن و بەرپرسیارێتی نێو دەولەتیش روویان تێنەکات. بێجگە لە فرە رەهەندیی و هەمە جۆریی زیاری جۆریی حوکمداریی و پێکهاتەی کۆمەڵگەی نێو دەوئەتی و بۆچوونی جیاوازیان دەربارەی بەهاکان و لە پیشتردانی بابەتەکانی چەمکئکی وەك دادگەریی ( بۆ نمون رووبەرووبوونوەی تاوناە جیهانییەکان، نەهێشتنی هەژاریی و تێکدانی ژینگە و مافەکانی مرۆڤ) و جیاوازیان لەگەڵ گرنگي پێدانە ناوەکییەکان (Loughlin:68-84 )

حـێ: هـەر لێـرەوە ددگـەریی نێـو دەولـەتی تـەنها کشـانی تیرۆیاکـانی دادگـەریی ناوخۆیی نییە. بەڵکو جۆرێکی دیکە لە تیۆریاریزەکردنی پێویستە، وەك ئەوبی کەسێکی وەك جۆن راوڵز پێی هەڵسا کە نەك هەر تیرۆیاکەی بۆ بواری نێو دەوئەتی نەکشان، بەڵکو تیۆریایەکی تایبەتی بۆ بوارە نێو دوڵەتییەکە دانا. بە ناوی تیۆریای یاسای گەلان. هەرچەند کۆمەڵێك لە پرەنسیب و بنەماکانی تیۆریای دادگەریی نێونیشتمانی تێدا بەکارهێمایەوە ( راولز:٢٠٠٧).

خـێ: هـەر لێـرەوە دەبێـت تیۆریاکـانی دادگـەریی نێودەولـەتی جیـاوازبن لـە تیۆریـا ناوخۆییەکان بێگومان ئەو گۆرانکارییەش کاریگەریی لەسەر چەمکی یاسا دەبێت. چونکە دواجاردادگەریی لە رێگەی یاساوە( تاوانێکی جینۆساید بە نمونە) جێبەجێ دەبێت، ئەگەر دادگەریی خودی یاسا نەبێت وەك هەندێ لە تیۆرسێنەکان وادەڵێن. بۆیە لە پەیوەندیی نێوان جینۆساید و دادگەریی و کاریگـەریی لەسـەر چـەمکی یاسـا لـە داوای داهـاتوودا دەتوێژینەوە.

داوای سێیەم

پەیوەندی نێوان جینۆساید و دادگەریی جیهانیی و کاریگەریی لەسەر چەمکی یاسا

هـەر بـەوەی دادگـەریی لـە بـواري نێـو دەوڵەتیـدا جیـاوازە لـە دادگـەریی لـە نـاخۆو وهەربـەوەش تـاوانێکی وەك جینۆسـاید تـاوانێکی نێـو دەوڵەتییـە ئیـدی بـە دڵنیاییـەوە ئـەو گۆرانکارییەی لە مامەڵەکردن لە تاوانی جینۆسایددا روویان داوە کاریگەری لەو گۆرانکاریيانـە وەرگرتووە کـە بەسـەر چـەمکی دادگـەیی لـە ئاستە جیهانییەکـەدا هـاتووە. بێگومـان ئەمـەش کاریگەریی لە گۆرانکاریی لە چەمکی یاسادا کردووە. ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە یاسا وەك رێسـایەکی یاسـایی کـە لـە لایـەن دەسـەڵاتێکی گشـتییەوە پێکردنهـەێت ئەمـە بێجگـە لەوەی یاسا بە شێوەیەکی گشتی دیوێکی نەگۆرو وەستاوی و دیوێکی وەڵامدەرەوەی دۆخەکانی هەیـە کـە لەسـەر هـەر کامیـان دادگـەریی جیهـانی لـە پەیوبوەندیـدا بـە تـاوانێکی وەك جینۆسـایدەوە کاریگـەریی هەیـە لەسـەری. هـەموو ئەمـەش بـە بۆچـوونی ئێمـە لـەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دادگەریی جیهانی هەمان گواستنەوەی دادگەریی ناوخۆیی نییە. بەڵکو لـە گـەلێ شـتدا جیـاوازی لـە نێوان دادگـەریی نـاوخۆ و جیهـانی هەیـە، ك هەدەتـوانین وەك پێکهێنەرەکانی دادگەریی جیهانیی ئەژمار بکرێن.

یەکەم: پێکهێنارەکانی دادگەریی جیهانی:

ئـەلیف: بوونی پێگـەی جیهـانی: بۆ روونکردنـەوەی ئەمـە ئـەو بۆچوونـەی جون راوڵز زۆر تـەواوە کاتێك دەڵێت دادگـەریی جیهانی هـەر ئـەو کاتـە دێت بوون کـە دەگمـەن بوونی

ڕێژەیـی و داخـوازی زۆرتـر لەسـەر سـەرچاوەیەك بـوونی هـەبێت بـە جۆرێك پێویسـتی بـە دەسـتتێوەردانی دەوڵـەتێك لـە هـەرێمی دەوڵـەتێکی دیکـە بـوونی هـەبێت یـاخود پێویسـتی بـە هاوکـاریی لـە کەسـەکانی زیـاد لـە دەوڵەتێك بـۆ ڕێکخسـتن و دابینکردنـی ههـەبێت (ڕاولـز، ١٣٩٧:١٥٧-١٥٨).

یـان سیاسـەگوزاریی یـان دەستپێشـخەریی یـاخود ڕووگـەوەرگرتنی کارکـەرانی وڵاتێـك جێکەوت لە نـاو وڵاتێکی تر بـەجێ بهێڵێ (Broke 2015). بە بۆچوونی ئیمـەش هـەر کاتێك بـوونی بابـەتێك ناچـاربین بکـەریی پلـە دووی بـۆ دروسـت بکـەین یـاخود بیسـپێرین بـە بکەریی پلەدوو (٨)

بێ: بەستێنەکانی دادگـەریی جیهانین، مەبەست ئەو بنـەما و بارودۆخانـەن کە مایەی دروستکردنی پرەنسیبەکانی دادگەریی جیهانین. بە تایبەت بەستێن و بارودۆخـە ژێرینـەکانی دادگـەریی جیهـانی کـە لـەم ڕووەوە دوو دیـدگا بوونیـان هەیـە؛ دیدگایـەك بـە دیـدگای پەیوەست ناسراوە و باوەڕی وایە کە بنەماکانی عەدالەت لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان دەنوێنن کە لە ناوخۆی دەولەتدا بوونیان هەیە. ئەمە لە کاتێدا دیدگای ناپەیوەست باوەڕیی وایە کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە وانەیە لە شرۆڤەکردنی بنـەماکانی دادگەریدا ڕۆڵیـان هـەبێت بـەڵام لـە وێنەکێشـان و ڕووگەپێـدانی ئـەو بنەمابیانـە ڕۆڵیـان نییـە. (Risse:11)

جیم: هەڵوێست وەرگرتن لەمەڕ چییەتی بنەماکانی عەدالەت، لەم ڕووەشەوە دوو دیدی یەك پارچە و دوو پارچە بوونیان هەیە. (هەمن سەرچاوە: ٤٣)

حێ: بکـەرەکانی دادگـەریی نێو دەولـەتی، سـەبارەت بـە بکـەرەکانی یاسای نێو دەوڵـەتی وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا؛ دەشێت بکرێن بە دوو جۆر لە بکەرەوە؛ بکەرە پلە یەکەکان لەتەك بکەرە پلە دووەکان. بکەرە پلە یەکەکان کە دەوڵـەتەکان دەگرێتەوە. بکـەرە پلـە دووەکانیش کە کەسـەکانی دیکـەی یاسای نێـو دەوڵـەتی دەگرێتـەوە؛ کـە هـەر لـە نیمچـە دەوڵـەتـەکانی وەك ڤاتیکـان و تـا ڕێکخـراوە نێـو دەوڵەتییـەکان و تـا بگـات بـو داننانتـە کەمـەی بـە کەسـە سروشـتییەکان لـە ئاسـتی نێـو دەوڵەتیدا دانیـان پێـدانراوە. کـە کاریگـەریی لـە تیۆریاکـانی دادگـەریی لـە پەیـەوەنـد بـە یاسـی نێـو دەوڵەتییـەوە هەیـە . بـۆ نمونـە ئەگـەر تـەنها دان بـە کەسایەتی دەوڵـەت( نـەوەك گـەلان) لـە یاسای نیو دەوئەتیدا بنرێت و یاساخولقێنیش تـەنها دەوڵـەت بێت( وەك لـە یاسای نـاوخۆدا وایـە) ئـەوا یاسـایەك بـە نـاویی یاسای نێو دەوڵـەت بوونی نابێت، ئـەوەی دەبێت تـەنها ڕێسای نـەریتی نێوان دەولەتـەکان و ئـەخلاقی جیهـانی بوونی دەبێت نەوەك یاسای نێو دەوڵەتی. ئەو دەمەش دەوڵەتەکان لە هەوڵی جێبەجێبوونی

دادگەریدا تەنها به ئەرکی ئەخلاقی خۆیان هەڵساوون. هیچ بەرپرسیارێتییەکی نێو دەوڵەتی ناکەوێتەسەر شانیان بێجگە لەوەی بی ویستی خۆیان خستوویانەته سەرشانی خۆیان. کاریگەریی ئەمەش لەسەر چەمکی یاسا لەوەوە دەردەکەوێت کە یاسا تا دەوڵەت بڕ دەکات و هیچ کەس لەسەروو دەوڵەتەوە ناتوانێت یاسای یەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێت کە ئەمەش مانا نەریتی و ئاساییەکەی یاسایە کە یاسادانەر تەنها لە خوار دەولەت و بەشێك لە دەسەلاتەکانییەتی . ئیدی یاساش بە گوێرەی هەمەجۆری دەوڵەتەکان هەمە جۆر دەبێت و دادگەریی جیهانی بێجگە لەو هەمەجۆرییەی یاسای نێو دەوڵەتی. بەڵکو نەبوونی یاسای نێو دەوڵەتی شتێکی دیکە نییە.(Nagel:120)

خێ: ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر دان بە کەسایەتی راستەوخۆی بکەرە نەودەولأەتییەکانی بێجگە لە دەوڵەتدا بنێیین کە کەسایەتیان جیاوازە لە کەسایەتی دەوڵەت ئەگەرچی لە سەرەتاشەوە بە ویستی دەوڵەتەکان دروستکرابن بتوانن بریار هو رێساکانیان بەسەر دەوڵەتەکاندا بسەپێنن ئەوا بە دڵنیاییەوە تیۆریای یەکپارچەیی یاسا دروست دەبێت کە ئەو بکەرانە لە تواناياندا( صلاحية) دەبێت رێسایانێك بەسەر دەوڵەتەکانیشدابسەپێنن گەلێ جار فەرمانەکانیان ( فەرمانکەرن/ الآمرة)ن دەوڵەتەکان ناچارن بە گوێیان بکەن. ئیدی یاسای نێو دەوڵەتی لەسەرووی یاسای ناوخۆی وڵاتانەوە دەبێت وەك رێساکانی مافی مرۆڤ و یەکێتی ئەوروپا ورێکخراه وەرزشییەکان، دەبێت یاسا ناوخۆکان لەگەڵیان گونجاو بن. بەمە تیۆریایەك لە دادگەریی دروست دەبێت کە بە تیرۆیای یەك پارچەی یاسایی ناسراوە .لێرە جیاوازی ناکرێت لە نێوان یاسای ناوەوە و دەرەوەی وڵات یاسای ناوخۆش پسپۆڕی خۆی دەبێت ئەگەر پێچەوانە هاتەوە لەتەك يایسا نێو دەوڵەتییەکەدا پێویستە پێشینە بۆ یاسا نێو دەوڵەتییەکە بێت. ئیدی بابەتەکانی دادگەریی نێو دەوڵەتی پەیوندی بە هەموو وڵاتانەوە دەبێت و بەرپرسیارن لەوەدا یاسایان بەسەردا بسەپێت. تیش روو دەکاتە وڵاتەکان. لێرەوە چەمکی یاساش گۆرانکاریی بەسەردا دێت کەتەنها پابەند نییە بە وڵاتەکانەوە و سەروەری یاسای دەوڵەتەکان رێگر نییە لە بوونی یاسای دیکەی توبزی.(Walker:19-25)

سێیەم: رای سێیەم:

ئەلیف: لەبەرئەوەی دەوڵەت وەك سەرەکیترین کەسی یاسای نێو دەوڵەتی ناشێت پشتی تێبکرێت و لە هەمان کاتیشدا لەبەرئەوەی بکەرەکانی دیکەی یاسای نێودەوڵەتی (تەنانەت ئەگەر بە هۆی رەزامەندی دەوڵەتیشەوە بوونیان هەبێت) بە دواجار بوونیانە هیە وکەسایەتی دانپێدانراوی نێو دەوڵەتین ، لەبەر ئەوە ناشێت بۆ دەوڵەت هیچ حسێبێك

نـەكرێت ئەگـەرچـی دەوڵـەتان ڕۆڵـیان هەیـە لـە خولقانـدنی دۆخـی ناعادیلانـەی جیهـانی ن کۆمەڵگەی جیهانییە.( Pogge:25-30)

بێ: لەبەرئـەوەی تیۆریا یەکپارچەییـەکانیش ڕەخنـەیان لێگیراوە و لـەم ڕووەوە لانـی کەم دوو ڕەخنـەیانر ووبـەروو بووەتـەوە؛ یـەکێکیان بـە کـەم سـەیرکردنی دەوڵـەت لـە مەیدانی یاسای نێودەوڵەتیدا و دووەم، ئەوی وا دەکات کە پێشنیازی ئـەوان لە مەیدانی نێو دەڵەتیدا ناواقیعی بێتە ئەژمار ئەوەیە کە ئەم خوێندنەوەیە وادانانی بۆ دادگەریی جیهانی لای هەموو نەتـەوەکان وەك یەکـە. واتـە وا دادەنێت کـە هـەموو نەتـەوەکانی جیهـان وەك یـەك سـەیری دادگـەریی دەکـەن. بـەها باوەکـانی نـاو نەتـەوە پێشـکەوتووەکان تناتوانرێـت لای هـەموو نەتەوەکانی جیهان وەك یەك سەیر بکرێن.(Valentini: 190)

جیم: ئایا دەشێت پەیوەندی نێوان دادگەریی و یاسای نێو دەولەتی بۆ پەیوەندییەکی دژ وەربگەرێت، واتە وەفا بە ئەرکی گرێست پێچەوانە بێتەوە لە گەڵ بنەمای عەدالەتدا؟. ئەمـە بێگومـان بـە گوێرەی ڕووگـەی یەکـەم شیمانـەی هەیـەو شتی لـەو بابەتـەش دەشێت ببێت. نمونـەی ئەمـە ئەندام نـەبوونی وڵاتـە زلهێزەکانـە لـەو پەیماننامـە و گرێبەستانەی کـە پەیوەندییان بە بابەتەکانی عەدالەتی جیهانییەوە هەیە وەك ڕێکخراو و گرێبەسنەکانی پەیوەند بـە پاراستنی ژینگـە و مـافی مرۆڤ. هـەروەها سنووردارکردنی جێبـەجێکردنی گرێبەسـتەکان وێنـەی سنووردارکردنی دەسـەڵاتی دادگای تـاوانی نێو دەوڵـەتی لـە ڕووی کاتییـەوە بـۆ ئـەو تاونانـەی جینۆسـاید کـە دوای دەستبەکاربوونی ئـەو دادگایـە ڕوویـان داوە ئیدی بـە هـۆی ئەمـەوە زۆربـەی تاوانبارانی تاوانـەکانی پێشتر لـە ژێر دەسـەڵاتی دادگا دەردەچن. یاخود ڕێگـرتن و سـنووردارکردنی بابەتـەکانی دادگـای نێـو دەوڵـەتی، وەك کردنـە دەرەوەی جینۆسایدی کولتووریی لە پێناسەی جینۆساید لە کاتێکدا ئەگەر جینۆساید ئەوتاوانە بێت کـە بـە هـۆی گـروپ بوونـەوە دروست بێت، ئـەوا دروسـت بـوونی گروپـەکان بـێ لایـەنی کولتووریی بوونیان نابێت، کولتووورە بنـەمای دروستبوونی گروپـەکان. لێرەوە هرگیزناکرێت کاریگـەریی دەوڵەتـەکان لەسـەر یاسـای نێـو دەوڵـەتی دادگـەریی نێولـەتی بکەینـە دەرەوە .(عزیزی: ٢٦٨-٢٧٢)

حێ: هـەر بۆیـە ئەگـەر لـۆجێکی یاسـاییش ئـاوا بناسـین کـە لـۆجیکێکی فەلسـەفی ئەپسـتراکت نییـە کـە پەیوەنـدیی بـە ڕیاڵـەوە نـەبێت، بـەڵکو لۆجیکێکـە کـە مامەڵـە لەگـەڵ بابەتـە کردەییـەکان یاسـاییەکان دەکـات ئـەوا دەبێت ڕای یەکـەم کـە ڕاي یـەك پارچەیـەو سەپاندنی یاسایە لە بانەوە بەسەر دەوڵەتەکاندا بخەینە لاوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر تەنها مامەڵەی بکەرە یەکەمینەکان بنەمای یاسای نێو دەوڵەتی بێت لەسەر بنەمای واقیعی

بوون . ئەوا دەبێت یاسای نێو دەوڵەتی تۆبزی بوونی نەبێت و بابەتەکانی دادگەریی نێو دەوڵەتیش کۆتاییان بێت، کە ئەوەش دەزانین لای زۆربەی فوقەها و فەیلەسوفەکانی یاساوە بۆ سەپاندنی یاسا تەنها بوونی هێزی تۆبزی و بەکارهێنانی هێزب هس نییە، بەڵکو لەوەدایە دەوڵەتان بتوانن دەلیل بۆ مەشروعییەتی کارەکانیان بهێننەوە( بۆ ئەوەی گوێرایەڵی مسۆگەر بکەن) مەشروعییەتیش لە دادگەریی رێساکانەوە دروست دەبێت. بێجگە لەوەی کە لە رووی واقیعییەوە بکەرە دووەمینەکان لە رێکخراوەکان و کەسەکانی وەك کەسە نادەوڵتییەکان و تەنانەت رێسا فەرمانکارەکان( القواعد الآمرة) لە یاسای نێودەوڵەتیدا بوونیان هەیە. هەر بۆیە هەنوکە یاسای ناوخۆی وڵات تەنها یەکێك لەجۆرەکانی یاسا و یاسای دەوڵەت سەنتەر بە قازانجی جۆرەهای هەمەجۆرتری یاسا گۆرانکاریی بەسەر هات یاسای وڵاتێك ئەگەر لە لایەنێك کاریگەریی خۆی سەڵماند ئەوا کاری پێدەکرێت ئەگەرنا بە قازانجی یاسا نو دەوڵەتییەکەی دەخرێتە کنارەوە. کەواتە لە ناو یاسای نێو نەتەوەییدا شتێ زیاتر لە ئەخلاق و نەریت و کەمتر لە یاسای نیشتمانی حسێبی بۆ دەکرێت. (Shaffer: 21)

خێ: ئەگەر یاساش چ ناوخۆیی و چ دەرەکی دوو ئاستی براوەیی و ئاستی گۆراوی هەبێت؛ کە ئاستە وەستاوەکە بنەما بناغەییەکانن کە لە سەرووی واقیعەوەن و بەسەر واقیعە جیاوازەکاندا لە زۆربەی حالەتەکانیشدا ئەم بنەمایانە لە یاسای ناوخۆو نێو دەوڵەتیشدا وەك یەك بن. هەرب ۆیە ئەو بنەمایانە لە یاسای نێو دەوڵەتیدا لە یاسا ناوخۆییەکانەوە وەربگیرێن. جا پەیوەندیان بە لایەنی بابەتی رێسا یاساییەکانەوە( الجانب الموضوعي) یاخود لایەنی فۆرمی( الجانب الشكلي) دادگاییکردن بێت، وا دەردەکەوت کە زۆربەی دەوڵەتانی دونیا لە بابەتەگشتییەکانی دادگەریی نێو دەوڵەتیدا لەسەریان ئە کۆك بن(٩) . بەڵام لایەنێکی ئیعتیباري و راستەوخۆ مامەڵەکردنیش لەتەك کەیسەکاندا بوونی هەیە کە لێرەدایە گرەنتیکردنی جێبەجێکردن خۆی پیشان دەدات . لێرەدایە جیاوازی نێوان تیۆریا یەك پارچەکان و تیۆریا چەندپارچەکان زیاتر دەدەکەوێت، کە لە کاتێکدا تیۆریا یەکپارچەکانی عەدالەت باوەریان وایە کە رووی ئیعتباریی و فەرز کردنی عەدالەت بە کارەکتەرە پلە دووەکان دەستپێردرێت. تیۆریا فرە پارچەکان دەڵێن ئەوە پەیوەندی بە سەروەریی وڵاتان و دەستوەرنەدان لە کاروباریی ناوخۆيی وڵاتان هەیە. نابێت بدرێتە دەست بکەرە پلە دووە نێو دەولەتییەکان کە لە رووی واقیعییەوە ئەو دەستوەراەی ئەوان نەك هەر نەبووەتە هۆی هێنانەدی دادگەریی جیهانی بەڵکو هەڵسان بە رۆڵ و ئەرك و دەستتێوەردانەکانی ئەوان بووتە هۆی ئەوەی هێنانەپێشی وێنەیەکی ئاڵۆز لە یاسا.(Nagel:115)

دال: ئەگەر یاسا بە ڕێسای یاسایی تێبگەین _وەك وترا ) بمانەوێ و نەمانەوێت بکەرە پلە دووە یاساییەکانیش بوونیان هەبێت و ڕۆژ بەڕۆژ دەسەڵتیشیان فراوانتر ببێت، بنەماکانی کارکردنیشیان تەنها دیوی نەگۆڕی یاسا نەبێت کە وەك چرایانێك وان ڕێ ڕۆشن دەکەنەوە ، بەڵکو لایەنی گرونتیکراوی جێبەجێکردنیش بگرێتەوە( وەك داگاییکردنی تاوانبارانی تاونە جیهانییەکان)، دادگەریی جیهانیش پێیستی بە ڕووبڕووبوونەوەی پێویستیانێکە کە ڕوویەکی جیهانیان هەبێت، ئەوا لێرەدا پرسیارك خۆی پیشان ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئێمە لەبردەم لەتبوونی سەروەریی دەوڵەتدا نین کە ئەمە لە کاتێکدا ئەو سەرچاوە و کەرتە ئابووربیانەی لە دەست دەوڵەتەکاندا بوون ئێستا لە لایەن هێزانێکی دەرەوەی خۆیان بەڕێوە دەبرێت. مافەمانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان بە تۆبزی بەسەر وڵاتداندا دەسەپێنرێت (Lindhl:33-36)

زال: هەر لێرەوە ڕای سێیەم خۆی دەنوێنێت کە هەم دەوڵەت هوەك بکەریی یەکەمی یاسای نێودەوڵەتی پارێزراو بێت کە دەسەڵاتی یاسایی لێوەرنەگیرێتەوەو هەمیش بنگە و بکەرە پلە دووەکانیش وەك کەسی یاسایی حسێبیان بۆ بکرێت لە یاسادانان و جێبەجێکردنی یاسادا.(١٠) لە ڕووی واقیعیشەوە هەر ئەوە ڕوویداوە کە ئەوەی هەیە سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە، نەوەك گواستنەوەی بۆ کەسە پلە دووەکان. بەم شێوەیە لۆجیك و فەلسەفەی یاسای نێو دەوڵەتی دەیخوازێت. لراستە ئەمە پێویستی بە گۆرانارى لە تێگەیشتنی چەند پارچەیی و بە دەستەوە بوونی یاسا بە دەست دەوڵەتانەوە هەیە. دەکرێت ئەمە بە ڕای سێیەم لێك بدرێتەوە، کە کاریگەریی لە سەر گۆرانکاری چەمکی یاساش دەبێت و لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکرێ(ڕاسخ:٦٢). وەك لە خوارەوە باسی دەکەین:

چوارەم: کاریگەریی پەیوەندي تاوانی جینۆساید لە تەك داادگەریی جیهانی لەسەر چەمکی یاسا:

ئەلیف: تاوانی جینۆساید وەك تاوانێکی جیهانی و نێو دەوڵەتی کە نەك بەوەی پێشتر بە یەکێك لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی ئەژمار دەکرا ئێستاش بۆگرنگی پێدانی زیاتر وەك تاوانێکی سەرەکی سەربەخۆ مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت، پەیوەندی بەدادگەریی جیهانییەوە هەیە_ هەروەك لە چەمکەکەدا ڕوونە_ ئەم پەیوەندییەش هەم لایەنی بابەتی و هەمیش لایەنی فۆرمی دادگاییکردنیش دەگرێتەوە. هەم بنەماکانی لایەنە نەریتییەکەی دادگەریی جیهانی کە لەسەردەمی نەریتی بوونی یاسای نێو دەوڵەتیدا( تەنها دەوڵەتانیش کەسی یاسایی بوون) بوونیان هەبوو و ئێستاش بوونیان هەیە. هەم دوو بابەتە گشتییەکەی عەدالەت هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە کە ئەوانیش دادگەریی دابەشکاري و دادگەریی چاکەکارین. چ ئەو

بابەنانـەی عەدالـەتیش لەسـەر بنـەمای سروشـتی بـن یـاخود دەسـتتێوەردانی دەوڵـەتـەکان و دەزگـا نێـو دەڵـەتییـەکان. بێگومـان ئەمـەش کاریگـەریی لەسـەر چـەمکی یاسا دەبێـت بـەم شێوەیەی خوارەوە.

بێ: پەیوەندیی تیۆریاکانی دادگەریی دابەشکاري: وتمان تیۆیاکانی دابەشکاریی کە بشێت لە یلسای ناوخۆدا پشتیان پێ ببەسترێت و بۆ یاسای نێودەوڵـەتیش بگوازرێنەوە چوار تیۆریان کە پشت بە چوار چەمکی سەرەکی دەبەستن کە ئەوانیش چەمکەکانی( ئازادی، یەکسانی، سـوود و ئینسـاف)ن زۆر بـە کـورتی لـە خـوارەوە دەیـانهێنین، کـە دەشـێت بـەم شـێوەیە لـە پەیوەندییان بە تاوانێکی وەك جینۆسایدەوە پیشان بدرێت:

١-تیۆریـاکی ئـازادی سـەنتەر: کـە پێشتر ئـەم تیۆریاکـانی فەیلەسوفە لیبراڵەکانە، رای ئـەو گرووپە فەیلەسوفانەی کە باوەڕییان وایە بۆ دابیکردنی ئازادیی و خاوندارێتیی دەبێت بازاڕ لە پاراستن و خولقانی چوارچێوەی ئازادی بازاڕ و تاکەکاندا دەستێوەردانی هەبێت. لە پەیوەست بـــە تـــاوانی جینۆسایدیشـــەوە بـــۆ دابینکردنـــی مانـــەوە و ئـــازادیی چوارگروپەکـــە و تایبەتمەندییەکانیان و خاوەندارێتیان دەبێت کارەکتەرە پلە دووەکانی یاسای نێو دەوڵـەتی دەسـتێوەردانیان هـەبێت. هـەر لەسـەر ئـەوب نەمایەشـە کـە تـاوایی جینۆسـاید بـە تـاونێکی تایبەت ناسراوە و لە ٢٠٠٢شەوە دەبێت ئەنجامدەرانی سزا بدرێن.( عزیزی: ٢٢٣)

٢-یەکسـانی: بنـەمای تیۆریاکـانی دەوڵـەتی خـۆش گـوەران و هـەروەها هـەر سـێ شـەپۆلەگەی مـافی مـرۆڤیش پەیوەنـدییان بـە یەکسـانی تاکـەکانی مرۆڤایەتییـەوە هەیـە لـە هـەموو گـەلان (لـە هـەر دەوئەتێکدا بـن) هـەر بۆیـە دەبێـت هـەموو گروپـەکان وەك یـەك پارێزراو بن لـە تـاوانی جینۆسـاید ئیدی ژمارەیان هەرچەند ببێت، لەناوبردنیان لـە ژێر ئـەو نیـازەدا بـە تـانوایکی گـەورە بێتـە ئـەژمار ئەگـەر تەنانـەت یـەك کسیشـیان بێـت. ( ئـاوارە حسێن:٢٧)

٣-تیۆریاکانی سوود سەنتەر؛ لەو جۆرە تیۆریایانەی کە پشت بە چەمکی سوود دەبەستن کە لە قوتابخانی ئەنجامگەران. واتە لە پێوانی دادگەریدا تەنها سەیری ئەنجامەکان دەکات، بەو مانایەی ئەمە هەر ئەوەی بەلاوە دادوەرییە کە بە قازانجی زۆرینە بکەوێتەهوە ( ئەوە عادیلانەیە کە زۆرترین سوودی بۆ زۆرترین تاکەکان تێدا بێت)( ساندل:٩٦). لە راستیشدا زۆرێك لە بنەماکانی یاسای نێو دەولەتی و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لەسەر ئەم تیۆریایانەن. بێگومان قەدەغەکردن و بە تاوان ناساندنی توانیی جینۆسـایدیش رۆڵێکـی گـەورەی دەبێـت لـە دابینکردنـی ئاشـتی و ئاسایشـی نێـو دەوڵـەتی لـە ئاسـتی جیهانیـدا. بێجگـە لـەوەی کـە بنـەما نەریتییـەکانی دادگـەریی جیهـانیی لـە بنـەمای (

پێگەی هاوشێوە مامەڵەی هاوشێوەوە بیگرە تا بنەما نەریتییەکانی دیکەی عەدالەت) پەیوەندییان بەم تیۆریاوە هەیە.( هەمان سەرچاوە: ٦٧)

٤– تیۆریاکانی ئیتساف: خاونی ئەم تیۆریایە فەیلەسوفی بەناوبانگی دادگەریی (جۆن راوڵز)ە. کە بنەما لای ئەو یەکسانییە ئەگەر نا یەکسانیش بوونی هەبێت ئەوا دەبێت بە قازانجی بێبەشترینەکان بشکێتەوە.. ئەگەر بوەوە بڕانین کە کێ لەو کەمینانە بێبەشترە کە تاوانی جینۆسایدیان دەرهەق ئەنجامدەدرێت . هەر بۆیە وەرگرتنەوەی مافەکانی ئەوان سەرەکیترین مافیانە . هەروەك سەپاندنی سزا تاونییەکان و پارستنی کولتووریان دەبێت لەسەرەکیترین ئامانج و رووگەکانی دادگا نو دەوڵەتییەکان بێت. هەروەك سەپاندنی سزا شارستانییەدکان و قەرەبووکردنەوەیان لە گەورەترین جێکەوتەکانی ئەم رروگەیەن لە ناو یاسای نێو دەوڵەتیدا (BIETZ:595). هەروەك دەبێت زۆر بابەتی دیکە بچێتە ناو بابەتەمانی تاونای جینۆسایدەوە تا رێساکانی بە قازانجی ئەم کەمینانە بشکێنەوە بۆ نمونە بابەتەکانی وەك جینۆسایدی فەرهەنگی و سزادانی سزایی دەوڵەتەکان و سزادان لەسەر تاوەنەکانی جینۆساید پێش ساڵی ٢٠٠٢.

بێ: تیۆریاکانی دادگەریی چاککردن

١– پێشتر باسمان کرد کە دوو تیۆریا دەربارەی دادگەریی چاککردن بوونیان هەیە؛ ئەوHنیش هەر کام لە تیۆریاکانی شایستەیی سەربە قوتابخانەی ئەرکگەرای کانتییە و زۆرتر ئەڵمانەکان سەر بەم قوتابخانەیەن کە تاوHنبار سزا دەدرێت( دەبێت سزا بدرێت) لەبەر ئەوەی لە رابردوودا تاوانێکی ئەنجام داوە ، ئیدی شایستەی ئەو سزایەیە. ئەمە لە کاتێکدا تیۆریابەرامبەر رووی لە داهاتووە و تاونبار سزا دەدرێت لەبەرئەوەی قاH.نجی کۆمەڵگە و جێگیربوونییەتی کە تاوانبار سزا بدرێت.

ئاماژەمان بەوەش دا کە هەردوو تیۆریاکە رەخنەیان لێگیراوە و گەورەترین رەخنەش بریتییە لەوەی هەردووکیان روویەکی میکانیکییانە و رێکخستنانەیان پێوەدیارە . ئیتر کەمترین هاوسۆزیان نەبەرامبەر قوربانی و نەبەرامبەر تاونباریش تێدا نییە، بۆیە نە لایەنی دەروونی قوربانی و نە دابینکردنی مافەکانی تۆمەتبار ( وەك بنەماکانی دادگاییکردنێکی عادیلانە) لەبەرچاو ناگرن.

بۆیە هەنوکە تیرۆیایەك کە زیتر لایەنی مرۆیی تێیدا رەچاوەدکرێت کە بە تیۆریای (شەفەقەت و فەزێڵە)ت ناسراوە دیدێکی مرۆیی تری هەیە هەم سەبارەت بە قوربانی و هەمیش بەرامبەر بە تاوانبار.

جيم: ئەوەی دەبێت لە دادگەریی نێو دەوڵەتیدا دەربارەی جینۆساید لەبەرچاو بگیرێت تیۆریای شایستەبوون و شەفەقەتە نەوەك تیۆریای سوودی ئەنجامگەرا چونکە ئەگەر ئەو تیۆریایەە ببێتە بنەمای دادگەریی جیهانی ئەوا دەوڵەتەکان تەنها بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، لە رووی مێژوووییشەوە هەرواب ووە کە دەوڵەتەکان تا توانیویانە هەم رێگیر بوون لە داننان بە جینۆسایددا هەمیش دواخستنی سزادانی و هەمیش لەسنووردارکردنی ئەو سزایەدا.( عزیزی: ١٩٤-١٩٨)ئەوە تەنها گوشاری جیهانی بووە ناچاریکردوون دانـي پێدا بنێن و دواجار هێشتا کاری زۆرتر ماوە کە رێگری لە دووبارەبوونەوەی بگرن و مافی قوربانیانیش بگێرنەوە.

پێنجەم: پەیوەندي تاوانی جینۆساید بە دادگەریی جیهانییەوەو گۆڕانکاریی لە چەمکی یلسادا:

ئەلیف: تاوانی جینۆساید کاریگەریی لەسر چەمکی یاسا هەیە ئەویش لە رێگەی پەیوەندیی بە دادگەریی جیهانییەوە. ئەگەر لە ئاستە جیهانییەکەوە چەمکی یاسا رۆڵە نەریتییەکەی خۆی کە ن لەناوخۆی وڵاتان بوو گوازرایەوە بۆ ئاستە جیهانییەکە . بەوەی رۆڵی یاسایی دەوڵەت بەرتەسککرایەوە یاسای نێو دەوڵەتی نەك هەر لەرێگەی نەیت و پەیماننامەکانەوە( رەزامەندیی دەوڵەتەوە) بەڵکو لە رێگەی دەزگا و رێکخراو و رێسا تۆبزییەکانی یاسای نێو دوڵەتییوە( بکەرە پلە دووەکان) لە یاسای هەمەجۆریی نێوخۆییەوە بەرەو یەکپارچەیی جوڵا( رای سێیەم دروست بوو) بوو . ئەوا دەتوانرێت بووترێت تاوانی جینۆساید و مامەڵە نێو دەوڵەتییەکان رۆڵیان هەبوو لەو وەرچەرخانەدا لە مەدلول و مانای چەمکی یاسادا. بەوەی هەر لە سەرەتاوە وەك تاونێکی نێو نەتەوەیی ناسرا و فەرمان و رێساکانی بە رێسای فەرمانکارانە( القواعد الآمرة) ناسرا. نەك هەر دەولەتەکان ناچار بە جێبەجێکردنی پەیماننامەی تایبەت بەو تاونە کران بەڵکو بابەتەکە گەیشتە سزادانی تاوانباران بەو تاونە( عزیزی:١٩٨-٢٠٠) و هەنوکە باس باسی ئەوەیە کە سزی تاونبارانی هاوڵاتی ئەو وڵاتانەش بدرێت کە تەنانەت ئەندام نین لە پەیماننامەکەدا.( هەمان سەرچاوە: ١٩٨) وادەردەکەوێت ئەم کاریگەرییەش لە وەرگەرانی چەمکی یاسادا بە دوو لایەن دەبێت کە ئەوانیش؛ یەکێکیان لایەنی وەسفی مامەڵەیە لەتەك تاونەکەدا لە ئێستادا و دووهەمیان دۆخی دەبێت کە دەبێت چۆن مامەڵە بکرێت تا پەیوەندیی نێوان تاوانەکە و دادگەریی جیهانی و کاریگەریی لەسەر چەمکی یاسا بێت وا زۆر بە کورتی هەردوو لایەنەکە روون دەکەینەوە

بێ: کاریگەریی لەسەر وەرگەرانەی مەدلولی چەمکی یاسا وەك ئەوەی کەهەیە. چیرۆکی تاوانی جینۆساید هەر لەبە تاوانناساندن و قەدەغەکردنییەوە دوای ساڵێك لە دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان تا بگات بە دادگایی کردنی تاونبارانی جینۆسایدوسزادانیان دوای ساڵی ٢٠٠٢ و دروستکردنی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی، رووگەکە زۆربەی بەرەو وەرگرتنەوەی بابەتەکە لە یاسای ناوخۆی وڵاتان و سپاردنبە بکەرە پلە دووەکانی وەك دادگا نێو دەوڵبەتییە تایبەتییەکانی ئەو بوارە کشاوە . تەنانەت ئەو دادگایانەش کە لە ناوخۆی وڵاتاندا بۆ دادگایی کردنی تاونباران بەو تاوانە دروستکراون ، هەوڵدراوە پرەنسیبە نێو دەوئڵەتییەکانی تێدا رەچاو بکرێت، یان وردتر بڵێین ئەگەر کەمهێنانێك لەو جۆرە دادگایانەدا هەیە ئەوەیە کە لە رەچاوکردنی پرەنسیبە نێو دەوڵەتییەکاندا کەمهێنانیان هەیە( محمد رشيد حسن: ٧)<هەر لێرەوە بابەتتانی جینۆساید لە ئاستە جیهانییەکەیدا رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە وەرچەرخاندنی چەمکی یاساوە لە مانایەکی فرەپارچەوە بۆ مەدلولی یەکپارچە و برەو مامەڵەکردنێکی نێو دەوڵەتیانە. گۆرانی یاسای نێو دەوڵەتی لە یاسایەکی نەریتییەوە بەرەو یاسایەکی رێسایانەی ئیلزامی لە سەروو دەولەتانەوە.

جیم: لەم قۆناغەدا یاسای نبودەوڵەتی دەربارەی تاوانێکی وەك جینۆساید زیاتر لەوەی تەنها لایەنە بنەمایی و نەگۆرەکە بگرێتەوە لایەنە کردەییە ئیعتیبارییەکە ش دەگرێتە تا رێ لە دووبارەبوونەوەی تانوایکی وەك جینۆساید بگرێت. هەر بۆیە پێویستە سیاسەتی یاسادانانی وڵاتان _لەوانەش وڵاتی ئێمە_لەگەڵ ئەم رووگەیەدا بێتەوە بەوەی لە بری ئەوی زۆرتر پشت بە یاسای ناوخۆیی ببەستێت کە هەم کەمهێنانی تێدایە و ئەزمون کەمە لەو بوارەدا هەمیش ئاسانکاریی و چوونە پێشەوەیە لە گەڵ یاسا جیهالنیەکاندا کە پشت بە یاسا نێو دەوڵەتییەکان دەبەسترێت . بۆ هەرچی زیاتر چەسپاندنی دادگەریی لە سزادانی تانوابااران و حەوتانوە و گەیشتن بە مافەکاانیان رووگە جیهانییەکە بگیرێتە بەر . لەم رووەشەوە هیچ باکمان بە گۆرانکاریی لە چەمکی یاسا و یاساداناندا نەبێت_ چونکە هەم ئەرکی دەزگا ناوخۆییەکان کەمتر دەبێت هەمیش گەیشتن بە ئەنجامی عادیلانە بۆ هەموو لایەنەکان مسۆگەرتر دەبێت. بە تایبەت بۆ نەتەوەیەکی وەك نەتەوەی کورد کە بەدەست یاساناوخۆییەکانەوە چەشتوویەتی. لەوانەیە هەنوکە زۆر دوور بێت کە لەلایەن یاسا ناوخۆییەکتانی ئەووڵاتانەی کە ئەم نەتەوەیە تێیاندا کەمینەیە بە مافەکانی بگات.(ئاوارەحسێن: ٦١١-٦٣٢)

کەواتە ئەگەرچی تا ئەو شوێنەی تاوانی جینۆساید و دادگەریی کاریگەریی گەورە لەسەر چییەتی یاسا بەجێبهێڵن هێشتا زۆری مابێت بەڵام بە دڵنیاییەوە کاریگەریی هەبووە و

رۆژ بەرۆژ زۆرتر دەردەکەوێت. لەوانەیە ئەمە یەکێك لە رووداوە گەورە یاساییەکان بووبێت کە سەد ساڵی رابرووداروویدابێت. و دەرەنجامەکانی لە داهتوودا زۆرتر دەردەکەوون.

پاشمەند

یەکەم: ئەنجامگیری

١-جینۆساید تاوانێکی نێو دەوڵەتی تایبتە کە ئامانج لێي پارێزگاریکردن لە گروپە نەك تەنها تاك

٢-ئەوەی زیاتر جینۆسایدی پێ لە تاوانە ن[و دەوڵەتییەکانی دیکە جودا دەکاتەوە پایەی ماددی ئەو تاوانە نییە بەڵکو پایەی مەعنەوییەتی. هەر بۆیە ژمارەی قوربانییانی ئەو تاوانە گرنگ نییە هێندەی لایەنی مەعنەویی و چۆنییەتی و لە ناوبردنی گروپ گرنگە.

٣-دوای بە تاواناساندنی تاوانی جینۆساید لە دوای دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و سزادانی تاونباران لە یاسای نێودەوڵەتنەیتی و رێککەوتنی وڵاتانەوە وەرچەرخاوە بۆ یاسادانانی سزایی و لەم رووەوەشەوە رێساکانی فەرمانکارن( القواعد الآمرة).

٤- لە سزادانی ئەو تاونەدایە کە رێساکانی یسای نێودەوڵەنی رووبەرووی تاکیش دەبنەوە ، نەوەك تەنها دەوڵەتەکان.

٥-بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بە تلایبەت بەرپرسیارێتشارستانی دەکەوێتە سەر وڵاتان. سەبارەت بەبەرپرسیارێتیی سزاییش رای جیاوازهەبوو. هەرچەند ئەو بەرپرسیارێتییە لە دەقی پەیماننامە پەیوەستەکانەوە دەرهێنرا.

٦- دەوڵەتەکان وەك دەوڵەت نەیانتوانییەوە رێ لە روودانی ئەو تاونە لە ئاستە جیهانییەکەیدا بگرن. هەر بۆیە رووگەی یاسای نێو دەوڵەتی پارستنی مرۆڤایەتییە لە رێگەی کەسەپلوە دووەکانی یاسی نێودەوڵەتی( بۆ نمونە دادگا نێودەوڵەتییەکان).

٧- یاساکانی ناوخۆ ناتوانن هەم رێگری لە ودانی جینۆساید بکەن و هەمیش دادگاییکردنێکی دادگرانە بۆ تۆممەتبارانی جینۆساید بسازێنن و مافی شیمانکراویش بۆ قەوربانیان هوەربگرنەوە.

٨- سەرەرای ئەوەی کە دەوڵەت ناتوانێت رۆ[ی تەواوی خۆی دەربارەی تاوانەکانی وەك جینۆساید بگێرێت، بوە اخەوە زۆبەی جارەکان خۆی رۆڵی هەبووە ل روودانی تاونەکەدا بە بەشداریکردن یاخودکەمتەرخەمیکردن لە روودانیدا بەڵام لە رووی کردەییەوە ناتوانرێت رۆ[ی ئەو کەسایەتییە سەرەکییەی یاسای نێودەوڵەتی پشتگوێ بخرێت بۆیە هەوڵی دابینکردنی پارێزگاریی و دابینکارانەی دادگاییکردنی دادگەرانەی تاونباران لە یاساکانی ناو

دەوڵەتدا گرنگە و نابێت پێش بخرێت. تەناتە ئەو کەمینانەی ئەو تانانەیان بەرامبەر ئەنجامدراوە هەوڵی د روستکردنی دەوڵەت و گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین بدەن

٩- هەرچەند سزادانی تاونبارانی جینۆساید بۆدوای ساڵی ٢٠٠٢ دەگەرێتەوە، بەڵام ئەمە کەمهێنانێکی یساییە و دەبێت هەوڵی ئەوەش بدرێت سزا بۆ تاوانبارانی پێش ئەو قۆناغە دەربکرێت، لە پێنائەوەشدا دەبێت هەم دەولەتان و هەمیش زانا یاساییەکان هەوڵی گۆرانکاریی لە یاسا پدهوەندیدارەکاندا ئەنجام بدەن، وەك ئەوەی لیمکین لە نیوەی یەکەمی سەدەبسستدا ئەنجامی دا.

١٠-تاوانیی جینۆساید تاوان[ی فیقهییە و فەقیهێکی وەك لیمکین رۆڵی گەورەی هەبوهوە لە بە نێو نەتەوەیی کردنیدا، بۆیە ئەرکی یاساناسان و کۆلیژەکانی یاسایە رۆڵی زیاندتر لەو بوارەدا ببینن و خوێندنی فێڵدی جینۆساید ببێتە ئیلزامی لە کۆڵێژەکانیاسادا.

١١- ئەنجتادانی تاوانی جینۆساید تەنها لەو چوارگروپەدا ورت نەکرێتەوە کە لە پەیماننامە پەیوەستەکاندا هاتوون. بەڵکو هەموو گروپەکانی دیکەش بگرێتەوە لەبەرئەوەی جوداکەرەوەی تاونەکە گروپ بوونە.

١٢- پەیوەندییەکی راستەوانە لە نێوان گۆرانی مامەڵە لەگەڵ تاوانێکی وەك جینۆساید لە یاسای تاوانی نێو دەوئڵەتی و چەمکی یاسادا هەیە. کە هەرچی زیاتر گرنگی بە تاوانە نێودەوڵەتییەکن دراوە هەرچی زیاتر دەوڵەت سەنتەریی لە یاسادانادجا گۆرانکاریی بەسەرهاتووە، دەسەڵاتی دەوڵەت سنوردارترکراوە واتە لە فرەپارچەیی یاساوە ( بەگوێرەی وڵاتان) بەرەو یاسای جیهانی بزواوە.

١٣- پەیوەندیی نێوان گۆرانکاریی چەمکی دادگەریی و مامەڵەکردنیش لەگەڵ جینۆساید و تاوانە نێو دەوڵەتییەکانی دیکە بوونی هەیە

١٤- دادگەریی نێو دەوڵەتی دەخوازێت یاسا پەیوەندیدارەکان بە تاوانی جینۆسایدەوە بگۆرێن. بۆ نمونە: گروپەکانی جینۆساید هەر ئەو چوار گروپە نییە کە لە پێناسە نێو دەولەتییەکاندا هەن دەبێت گۆرانکارییان بەسەردا بێت ئەگەر بمانەوێت دادگەریی جیهانی دابین بێت

١٥-ئەگەر یاسا لە ئاستە جیهانییەکەیدا گۆرانکاریی بەسەردا دێت و عەدالەتی جیهانیش رۆڵێکی گرنگی لەو گۆرانکارییەدا هەیە، ئەوا دابینبوونی عەدالەتیش لە تاواینی جینۆسایددا رۆڵێکی گرتگی هەیە

١٦--تیۆریاکانی فەلسەفەی یاسای نێو دەوڵەتی ئەم یاسایەیان لە یاسایەکی نەریتییەوە بەرەو یاسای دانراو بزاندوە ، کە رێسا فەرمانکارەکان لەم رووەوەرۆڵێکی گرنگیانەهەیە، بەڵام

دەوڵـەتییان بێدەسـەڵات نـەکردوە و هەرچەند زۆربـەی جار دەوڵـەتان ڕێگربوو لـە هێنانـەدی دادگـەڕیی جیهانی، بۆیە حسێبکردن بۆ دەوێ[هـتیش زۆر گرنگە.

١٧- ئـەرکی دەوڵـەت دابینکردنـی پێویسـتی و پاراسـتنی هاوئلاتییـان و تایبەتمەندییەکانیانـە بەڵام هەمرۆ ئەم ئەرکە گۆرانکاریی بەسەردا هاتووە

گوااستنەوە لەچـەمکی بەرپرسیارتی لـە تـاونێکی وەك جینۆسـایدا گۆرانکـاریی بەسـەردا هاتووە. هەر ئەو گۆرانکارییەش وای کردوە رێساکانی یاسای نێو دەوئلەتی تاك بکەنە بۆگۆ( مخاطـب)ی خۆیـان، تەنانـەت هـاوڵاتی ئـەو وڵاتانـەش کـە ئەنـدام نـین لـە پەیماننامـە پەیوەنددارەاندا.

١٨-هـەر لێرەوە دەولەتـەکانیش وەك کەسـی مەعنـەویی و ئیعتیبـاریی بەرپرسیارێتی روویـان تێیـدەکات، بەتایبـەت بەرپرسـیارێتی شارسـتانی زاناکـانی یاسـای نێـو دەوئلـەتی بـەرەو بەرپرسیارێتی سزاییش بۆ دەوڵەتان هەنگاودەنێن.

١٩- رووگـەی جیهـانی یاسـا( یەکپاچـەیی یاسـا) هەرچەهنـد کـەموکوریی خـۆیی هەیـە( لەوانەش بەکەم سەیرکردنی رۆڵی دەوڵەتان و جیاوازی روانینی جیهانی بۆ دادگـەریی) بەڵام رۆژ بەرۆژ زیاتر پێگەی خۆی دەسەلمێنێت.

٢٠ -بە پێچەوانەی تیۆریا چەند پارچەکان تیۆریا یەك پارچەکان لەسەر ئەوەن کە ئەوە تەنها دەوڵەت نییە کە دەتوانێت دادگەریی جیبەجێ بکات بەڵکو دەزگایانێکی دیکەش هەن کە بتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن .

دووەم: پێشنیاز

١- ئەگەر پەیوەندي لە نێوان جینۆساید و دادگەریدا هەیە و ئەو پەیوەندییەش گۆرانکاریی لە چەمکی یاسادا دروستکردوە، کشانندوویەتی لە یاسای نیشتمانییەوە بۆ یاسای نێو دەوڵەتی ئەوا دەبێت ئێمەش هەوڵی ئەو کشانە لە یاساکانماندا بدەین، بەتایبەت کە یاسا نیشتمانییەکان لەو ولاتانەی ئێمە کەمینەین(ئێمەی کورد) تێیاندا سەلما کە ئەوان بە تەنگ مافەکانی ئێمەوە بن بۆیە باشترە پشت بە یاسا نێو دەوڵەتییەکانی ئەو بوارە بدەین کە رۆژ بە رۆژ رۆڵیان زۆرتر دەبێت.

٢- -مافەکانی مرۆڤ تەنها مافە تاکییەکان نین بەڵکو تا ئێستا سێ شەپۆل لە مافەکانی دەرکـەوتوون و دواترینیان مافەگروپییـەکانن، کـە تـاوانی جینۆساید راستەوخۆ پەیوەنـدی بەم شەپۆلەیانەوە هەیە، بۆیە دەبێت نەوەکانی نیشتمان بەو شەپۆلە لە مافەکانمان ئاشنا بکەین و هەوڵی پارستنی تایبەتمەندییە گرووپییەکانمان بدەین.

٣-جەختکردنـەوە لەسـەر رووگـەی دادگەرانـەی یاسا نـەوەك رووگـەی کۆنترۆڵگ\اکەرانـەی پۆزەتیڤیزمانەی تەنانەت ئەگەر مان و رۆڵی یاساش گۆرانکاریی بەسەردا بت

٤- رۆژ بـەرۆژ بنگـە و بکـەرە نیـو نەتەوەییـەکان( ئەکتـەرە نادەوڵەتییـەکان) رۆڵیـان لـە یاسادا زۆرتر دەبێت، بۆیە دەبێت ئێمە هەم لە خوێندنی خۆمان و هەمیش لە کاری کردەیی دادگاییانـەی خۆماندا( دادوەریی وەستاوو دانیشتووش) زانست و رۆشنبیریمان لەو بوارەدا زۆرتر بکەین.

٥- جینۆسـید لەسـەر بنـەمای نابەرژەوندیبانـەی تیۆریاکـانی دادگـەریی دروسـت بـووە وەك تیۆریاکانی یەکسانخوازی هەموو مرۆڤەکان و ئینساف لەگە~ل هەموان . ئەگینا ئەگەر لەسـەر بنـەمای بەرژەوەنـدی بوایـە دەوڵەتـە بـە هێزەکـان پێیـان خـۆش نـەبوو کـە نـە پەیماننامـەی بـە تاوانـدانان و نـە سزای تاونبـارانی جینۆسایدیش بـدەن. کـە ئـەو تیۆریـا نابەرژەوندیخوازنــە رووگــەی جیهــانی دادگەرییــە لــە عەدالەتــدا و دەبێــت ئــەم جــۆرە رۆشنبیریانەش پچنە ناوپرۆسەی خوێندن و رۆشنبیري یاسایی ئێمەشەوە.

٦- رۆڵـی دەوڵـەت لـەبیرناکریت لـە یاسـای نێـو دەوڵەتیدا بۆیـە ئێمـەی کەمینـەش دەبێت هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت خۆمان بدەین .

٧- بەشداریکردن لە فراونکردن و گەیشتنی زیاتری یاسا و رێساکانی تایبەت بە جیۆساید بەو حوکمەی ئەوەی بۆ خۆی ئەزمونی شتێکی کردبێت وەك ئەو کەسەن ییە کە هەواڵی ئەو شتەی بیستووە( لیسالمخبر کالمعایین).

٨- بە رۆحێکی دادگەرانەوە هاوکاریی نەتەوەکانی دیکەی تاوانی جینۆساید بەرامبەر کراو بدەین و لە ئەزمونی ئەوانیش سوود ببەین، چونکە عەدالەت لەت ناکرێت ب(ۆ هەندێك ببێت بۆ هەندێك نەبێت)، ئەگینا بوونی نییە

٩-دەبێت جینۆساید و یاسا و رێساکانی لە قۆناغەکانی خوێنندا پێویست بکرێت ، بۆئەوەی هەم شوناسی نەتەوەیی و ئەزمون و ئازارەکانمتن بگەیەنین هەمیش ئەو مافانەی پابەندن بەو تاونەوە وەربگرینەوە.

١٠- هەوڵی وەرگرتنەوەی مافەکانی پەیوەندی بە جینۆساید و چەسپاندنی بەرپرسیارێتییە سزاییەکانی تاونبـانی جینۆسـاید و بەرپرسـیارێتییەکانی شارسـتانی و تەنانـەت سزاییەکانی دەوڵەتەکانیش مدکە برامبەر بە کەمینەکان ( لەوانیش کوردیش) جینۆسایدیان ئەنجام داوە

١١- هەر چەند ناتونین دەوڵەت تێپەرێنین بۆ ئەمەش دەبێت لە ناوخۆدا یاسای گونجاو بۆ سزادانی تاونباران و وەرگرتنوەی مافی قوربانیان هەبێت بەڵام دەکرێت لە هەرەوەی وڵات و لە ئاستی جیهانیدا کار لەسەر جنۆسایدی کەمینەکان بکرێت.

١٢- هەوڵی گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەوەی ئە جینۆساید بنبر دەکات تەنها زۆری یاساکانی ئەو بوارە نین، بەڵکو گۆرانکاریش لە رووگەی یاساکاندا، بە تایبەت ئەو تیۆریایانەی پەیوەندیان بە دادگەهریی جیهانییەوە هەیە کە جێکەوتیان لە گۆرانکاریی چەمکی یاسادا هەیە.

١٣-گۆرینی تێگەیشتنی خۆمان لە یاسای نێو دەوڵەت ی بە تایبەت یاسای نێو دەوڵەتی سزایی، کە تا ئێستاش بە یاسایەکی نەریتی و دەوڵەت سەنتەر لێی تێدەگەین بەرەو یاسایەکی رێسا سەنتەر و سنوور دانەر بۆ دەوڵەت.

١٤-لەسەر بنەمای نەتەوە و گروپ جینۆساید ئەنجام دەدرێت نەوەك دەوڵەت، بۆیە هەرچی جوڵانی دادگەري ویاسای جیهانی بەرەو یاسای گەلان نەوەك دەولەتان بۆ ئێمە نەتەوە چەوساوەکانوەك ئێمە باشترە.

١٥- لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوەی هەموویت دەست ناکەویت لە هەمووی مەگەرێ( ما لايدرك كله لايترك جله) وردکرنەوە لە جینۆسایدەکانی کوردا بکەین، ئەوە جینۆسایدانەی کە هەنوکە ناتوانین مافەکانمانیان تێدا وەربگرینەوە وامان لێ نەکەن هەوڵی جینۆسایدەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٢ ش نەدیەن. بۆ نمونە جینۆسایدی شەنگال و یەزیدییەکان. هەروەك هەوڵی پاراستنی بەڵگە و پاشماوەکانی جینۆسایدەکانی پێشتر بدەین بۆ کردە یاساییە و دادوەرییەکان تا ئەوکاتەی هەلی دادگاییکردن تییاندا دەرەخسێت!.

**سەرچاوە کان: بە زمانی کوردی:**

١-حسێن، ئاوارە (٢٠١٧) جینۆسایدی کورد لە روانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ، سلێمانی.
٢- حسێن، ئاوارە(٢٠١٤) تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی یەکەم سلێمانی.
٣- عومەر گوڵ، د مارف(٢٠٠٧) جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای نێو دەوڵەتیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٤- عەزیزسورمێ، هەژار( ٢٠٠٦) کورد و جینۆساید و و ئیبادەکردن و هەڵوێستی یاسای نێ[و دەوڵەتی ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٥- سلێمان ، تەها(٢٠١٤) جینۆسایدی گەلی کورد، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم.
٦- محەمەد فەرەج، هاودەنگ( ٢٠١٥) رومەزخەزایی هەڵەبجە(ب.دووەم) چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا. بە زمانی عەرەبی:
٧-احمد السيد- الهرمزی، مرشد- احمد غازی( ٢٠٠٥) القضاء الدولي الجنائي، دار الثقافة للتوزيع والنشر ، الطبعة الاولى ، عمان.
٨- حمەصديق، بكر(٢٠١٤) حلبجه في مواجهة سموم الموت ، الطبعة الاولى، بيروت لبنان.
٩- حسن، محمد رشيد(٢٠١٢) المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادئ العدالة ، مؤسسه حمدی للطباعة والنشر ، السلێمانية.
١٠-حسن، محمد رشيد(٢٠١٧) المقاضاة عن الجرائم الدولية امام القضاء الجنائي المركز القومي للاصدارات القانونية، الطبعة الاولى ، القاهرة.

١١- خليل محود- يوسف ،د زاري- باسيل ( ٢٠٠٣) المحكمة الجنائية الدولية الهيمنة القانونية قانون الهيمنة
١٢- عبيد، د حسنين( ١٩٧٨) الجريمة الدولية ، دار النهضة العربية ، القاهرة
١٣- عتلم، المستشار شريف(٢٠٠٤)، المحكمة الجنائية الدولية الزواءمات الدستورية والتشريعية( مشروع قانون نموذجي) اللجنة الدولية للصليب الاحمر(ICRC) الطبعة الثانية، جنيف.
١٤-راولز، جون(٢٠٠٧)، (قانون الشعوب والعوده الى فكره القانون العام) ت: محمد خليل، المركز القومي للترجمه( المشروع القومي للترجمه١٠٧٤)
به زمانی فارسی:
١٥- احمد وند ، شجاع(١٣٨٥)، جيهانی شدن و تكثر فرهنگی، پژوهش حقوق عمومی، دوره ٨، شماره ٢٠)
١٦-اردبیلی، محمد علی( ١٣٦٨) كشتار جمعی، مجله حقوقی، شماره یازهم، تهران.
١٧- آريا، محمد(١٣٩٠ )بررسی نسلكشی در حقوق بین المللی با تأكید بر قضیه حلبچه، پایان نامه دوره كارشناسی ارشد، دانشگاه آزاد اسالمی واحد تهران مركزی
١٨-استاینر، هیلل، ( ١٣٨٢) مفهوم عدالت، برگردان: محمد راسخ، تهران: مجلس و پژوهش، جلد٣٨ .
١٩-آشوری، محمد(١٣٨٤ )عدالت كیفری ، گنج دانش، تهران.
٢٠-بيگزاده، ابراهيم، چالشهاي فراروي ديوان بين المللي كيفري، سياست خارجي، تابستان ١٣٨٢ ،شماره ٦
٢١-پالوسكی استانسیالو(١٣٧٠) ، صول اساسی حقوق بین المللی كیفری، ترجمه علی آزمایش، تهران، انتشارات دانشگاه تهران
٢٢-جمعی ازمترجمین(١٣٨٥) جامعهگرایان و نقد لیبرالیسم( گزیده اندیشههای ( سندل مك انتایر، تیلور، والزر)، پژوهشگاه علوم و فرهنگ اسلامی، چاپ اول،قم.
٢٣-تقی زاده انصاری، سید مصطفی، )١٣٨٠ ،)حقوق سازمان های بین الملل، نشر قومس، چاپ اول
٢٤- توحیدیفر محمد)١٣٨١ ،)ضمانت اجراهای كیفری منشور ملل متحد، تهران، انتشارات وزارت امور خارجه
٢٥-دله، ايو، ديوان كيفري بين المللي، ترجمة ابراهيم بيگزاده، مجله تحقيقات حقوقي، بهار و تابستان ١٣٧٨ ،شمارههاي ٢٥ و ٢٦.
٢٦-ديهيم، عليرضا، صلاحيت جهاني و ديوان كيفري بينالمللي، رويدادها و تحليلها، سال ١٣٧٩ ،شماره ١٣
٢٧-طرازكوهی، حسین شریفی(١٣٧٥)،قواعد آمرة ونظم حقوقی بین المللی، مؤسسه چاپ و انتشارات امور خارجه، چاپ اول.
٢٨- عبدالحسین زاده، شراره(١٣٩٥ ،)بررسی نسلكشی و مجازات آن در حقوق بین الملل كیفری، شماره ٦ ،دوره دوم، شهریور ماه
٢٩-عزیزی، دكتر ستار(١٣٩٤)، حمایت از اقلیتها(در حقوق بین الملل)، مؤسسه مطالعات و پژوهشای حقوقی، چاپ دوم، تهران.
٣٠-شریعت باقری، محمدجواد)١٣٨٧ ،)حقوق كیفری بین المللی، چاپ نهم، تهران، انتشارات جنگل جاودانه
٣١-شریفی طراز كوهی، حسین، اركان نسل كشی در پرتو اسناد و رویه قضایی بین المللی، مجله تعالی حقوق،١٣٩٠ ،شماره ١٥
٣٢_ شایگان فرد، حسین)١٣٨٨ ،)مفهوم نسلكشی در پرتو رأی دیوان بین المللی رواندا، همایش جهانی شدن حقوق و چالشهای آن، تهران، نشر دانشگاه شهید بهشتی
٣٣-راسخ، محمد،، تئوري حق و حقوق بشر بين الملل«، مجلهی تحقيقات حقوقي، تهران: دانشكدهی حقوق دانشگاه شهيد بهشتي، جلد ٤١ ،بهار و تابستان ١٣٨٤.

٣٤-- كريانگساک، كيتيچايساری( ١٣٨٢)حقوق كيفری بينالمللی، برگردان: حسين آقايی جنتمكان، تهران، دانشور،
٣٥-كاسسه، آنتونيو، حقوق كيفری بين المللی، برگردان: حسين پيران و ديگران، تهران، جنگل، چاپ نخست، ١٣٨٧.
٣٦-محاسب، مهين دخت، (١٣٨٦ )،كشتار جمعی(ژنوسيد )، تهران، انتشارات گنج دانش
٣٧- مير محمد صادقی ، حسين( ١٣٧٧)، حقوق جزای بين الملل، نشر ميزان، تهران.
٣٨-ميشيل فوكو(١٣٨٩)، تولد زيست سياست( درسگفتارهای كلژدوفرانس(١٩٧٨-١٩٧٩) ،ترجمه: رضانجف زاده، نشر نی، چاپ دوم، تهران.
٣٩-مارك تبيت، (١٣٨٤) فلسفه حقوق، ترجمه: حسين رضايی خاوری، دانشگاه علوم اسلامی رضوی، مشهد .
٤٠-مايكل والتزر(١٣٨٩)( حزرهای عدالت (در دفاع از كثرتگرايی و برابری، ترجه: صاح نجفی ، نشر ثالث، طهران، چاپ اول
٤١-مايكل ساندل(١٣٩٤) ليبراليسم و محدوديتهای عدالت، ترجمه: حسن افشار، نشر مركز، چاپ اول.
٤٢-نجفی ابرندآبادی، علی حسين(١٣٧٣) بزهديده شناسی، تقريرات درس جرمشناسی، 74-١٣٧٣.
٤٣-وكيو ژرژ دل(١٣٨٠)، فلسفه حقوق، ترجمه: دكتور جواد واحدی، نشر ميزان.
٤٤--هارت، هلربرت( ١٣٩٠)، مفهوم قانون، ترجمه: محمد راسخ، چاپ اول، نشر نی، تهران.

به زمانی ئینگلیزی:

٤٥-Ahcene Boulesbaa, The U.N. Convention on Torture and the Prospect for Enforcement, the Hague: Martinus Nijhoff Publishers, 1999, p. 20
٤٦-Bassiouni, Cherif M., International Extradition: United States Law and Practice, Oxford University Press, 2014
٤٧-Barry, Brian (1995) Justice as Impartiality, Oxford: Clarendon Press. Barry, Brian (2005) Why Social Justice Matters, Cambridge: Polity Press. Beitz, Charles R. (1979) Political Theory and International Relations, Princeton: Princeton University Press.
٤٨-Beitz, Charles R. (1983) "Cosmopolitan Ideals and National Sentiment", The Journal of Philosophy, Vol. 80, No. 10, pp. 591-600. Bentham, Jeremy (1781) An Introduction to the Principles of Morals and Legislation, London: Kitchener Press. Blake, Michael (2001) "Distributive Justice, State Coercion, and Autonomy", Philosophy and Public Affairs, Vol. 30, No. 3, pp. 257- 296
٤٩-Cassese, Antonio, The Oxford Companion of International Criminal Justice, Oxford University Press, 2009.
٥٠-Dragica Vujadinovic, Ronald Dworkin- theory of justice, European scientific journal, vol. 8, no. 2.
٥١-Cohen, Gerald (2008) Rescuing Justice and Equality, Massachusetts: HUP. Cotterrell, Roger (1995) Law's Community, Oxford: Clarendon Press Publication. Cotterrell, Roger (2008) "Transnational Communities and the Concept of Law", Ratio Juris, No. 21, No. 1, pp. 1-18
٥٢-Engle, Eric, Private Law Remedies for Extraterritorial Human Rights Violations, Eric Engle Publication, 2006.
Fidler, David P. (1996) "Globalization, International Law, and Emerging Infectious Diseases", EID Journal, Vol. 2, No. 2, pp. 77-84. Finnis, John,

(2007) "Natural Law Theories", (May. 27, 2020), in https://plato.stanford.edu/entries/natural-law-theories/. Fitzpatrick, Peter (2001) Modernism and the Grounds of Law, Cambridge: CUP.
٥٣-Fox, Gregory H. (1999) "Strengthening the State", Indiana Journal of Global Studies, Vol. 7, Issue 1, pp. 35-77. Fuller,
٥٤-.Liivoja, R., & Benvenisti, E., Criminal Jurisdiction over Armed Forces Abroad, Cambridge: Cambridge University Press, 2017
٥٥-johnson l.d the international tribunal from Rwanda international review of penal law ,1set 2e trimesters ,1996,pp.217.232
39-Lon L. (1964) The Morality of Law, Virginia: Yale University Press. Garcia, Frank J. (2016) "Law and Globalization: Conceptual Issues", TLI Think Paper Series, No. 33/2016, pp. 1-17. Garcia, Frank. J. (2010) “Three Takes on Global Justice”, University of La Verne Law Review, Vol. 31, No.2, pp. 323-362.
40- Glenn, Patrick H. (2006) "Transnatiopnal Common Laws", Fordham International Law Journal, Vol. 29, Issue 3, pp. 457-471. Goldsmith, Jack L. & Eric A. Posner (2005) The Limits of International Law, Oxford: Oxford University Press
41-. Nigel S. Rodly, The Treatment of Prisoners Under International Law, Oxford: Oxford University Press, 1999, p. 78.
42-Mohammad Shahabudden, Precedent in the world court, Grotius Publications, Cambridge University Press, 1996,. 43- Mohammed Bedjaoui, International law: Achievements and prospects, UNESCO, 1991, General introduction, p. 2, para. 4; Thomas M. Franck, supra no. 19, at pp. 751-759
44-Loughlin, Martin (2017) Political Jurisprudence, Oxford: OUP. Loughlin, Martin (2003) "Ten Tenets of Sovereignty", Sovereignty in Transition, Neil Walker (edt), London: Hart Publishing, pp. 55-86.
45- MacCormick, Neil (1999) Questioning Sovereignty: Law, State and Nation in European Commonwealth, Oxford: OUP45-. Marmor, Andrei and Sarch, Alexander (2015) "The Nature of Law", (Jan. 7, 2019), in: https://plato.stanford.edu/archives/fall2015/entries/lawphilnature/.
46-Miller, David (2007) National Responsibility and Global Justice, Oxford: OUP. Nagel, Thomas (2005) "The Problem of Global Justice", Philosophy & Public Affairs, Vol. 33, No. 2, pp. 113-147. O'Neill, Onora (2001) "Agents of Justice", Metaphilosophy LLC, Vol. 32, No. 1/2, pp. 180-195.
٤٧-Payam ahavan(19995) . Enforcement of the Genocide Convention: Achalenge to civilazationK Harward Human Rights Jurnal K 1995< vot:8.
48- Rafael Limkin(1947),Genocideas a Crime under International Law, American of International law, V OLUME
،41.
49-Schabas, William A., The International Criminal Court: A Commentary in the Rome Statute, Oxford University Press, 2010.
48-Stahn, Carsten, The Law and Practice of the International Criminal Court, Oxford, 2014.

50-Steiner, Hillel (2005) "Territorial justice and global redistribution", The Political Philosophy of Cosmopolitanism, Gillian Brock & Harry Brighouse (eds.), Cambridge: CUP. pp. 28-38.
51-Tamanaha, Brian Z. (2017) "Necessary and Universal Truths about Law?", Ratio Juris, Vol. 30, Issue 1, pp. 52-Tan, Kok- Chor (2017) What Is the Thing Called Global Justice, New York: Routledge publication. Tan, 53-Kok-Chor (2004) Justice Without Borders: Cosmopolitanism, Nationalism, and Patriotism, Cambridge: CUP.
54- Tideman, Nicolaus & Vallentyne, Peter (2001) "Left –libertarianism and Global Justice", Human Rights in Philosophy and Practice, Burton M. Leiser and Tom Campbell (edt.), USA: Ashgate Publishing, pp. 443- 457.
55- Reidy, D.,. “Rawls on International Justice: A Defence”, Political Theory, Vol.32, 2004
53- Rawls, J. “The Law of Peoples”, Cambridge : Harvard University Press, 1999
56-Vagias, Michail, The Territorial Jurisdiction of the International Criminal Court, Cambridge University Press, 2014.

---

[١] GA Res.A\RES\26A(111).9 Desember 1948

[٢] بێگومان دوای دروستبوونی دادگای تاوانکاریی نێو دەوڵەتی و پێناسەکردن و پیشاندانی پێکهاتە و بنەماکانی تاوانەکە رۆڵی ئێجگار گرنگی دەبێت لەوەدا کە رێسای( بە یاسادانان بوونی سزادانی تاوانکار) (٢) لە یاسای نێودەوڵەتیشدا ، کە دوای دروستکردنی ئەو دادگایە ئەو رێسایە لە سیستەمی تاوانی نێو دەوڵەتیشدا بەکار بووە. ئەو رێسایەی کە لە یاسای تاوانناسی نێو دەوڵەتیدا بەو یەکەتازییەی یاسای ناوخۆ نییە؛ کە تەنها دەق سەرچاوەی تاوانناسی و سزا بێت، بەڵکو لە یاسای نبو دەوڵەتیدا نەریتی نێو دەوڵەتی لە پەنا بەڵکو پێشتر لە دەقداری یاسا( نصوصية العقوبة) سزاناسی دەکرێت(آشوری: ١٣٨٤: ج١: ٥٩).

[٣] پێشتر لە رەشنووسی دادگاکەدا تاوانەکان کرابوون بە دوو بەشەوە: ئەو تاوانانەی کە سەرچاوەکەیان نەریتی نێو دەوڵەتی ئەو تاوانەناش کە سەرچاوەکەیان پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان بوون . بەڵام دواتر تەنها ئەو تاوانە نێو دەوڵەتیانەی کە سەرچاوەکەیان نەریتی نێو دەوڵەتییە هێڵرانەوە، تا ئەرکەکانی دادگاکە پارچە پارچە نەبێت و هەوڵی داهێنانی یاسایانێکی تازەی لەو جۆرە نەدرێت، هەر بۆیە تاوانەکانی تایبەت بە تیرۆری جیهانی و تاوانەکانی دژ بە کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و تایبەت بە قاچاخی مادەسرکەر و دەروون تێکدەرەکان لە ناو یاسالی بنەرەتی دادگا نەهێنران. بەڵام تاوانی جینۆساید یەکێك لە تاوانە نەریتی و بنەرەتییەکان دانرا کە لە یاسای دادگادا جەختنتی لەسەرکرایەوە و بەمەش سزادانان لەسەر تاوانەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە( عبدالحسين زادە، ٢٨)

١- بۆ نمونة دةشيَت مةبةست لة ناوبردنى طروثيَكى سياسى بيَت، روونة كة لةناوبردنى طروثى سياسى ناضيَتة ناو تاوانى جينؤسايدةوة، ضونكة يةكيَك نيية لة ضوار طروثةكةى لة ثيَناسةى تاوانى جينؤسايد دانراون.( عزيزى: ( 145:Rafael Limkin)

[5] Akayesa case,para,523

[٦] لە هێنانی دەقە یاساییەکانی پەیوەند بە پەیماننامەکانی پەیوەند بەتاونی جینۆساید پشت بە وەرگێڕانەکانی لێکۆڵەری ئەو بوارە( مامۆستا ئاوارە حسێن) دەبەستین.

[٧] لێکۆڵەر بەکارهێنانی زاراوەی چاککرنەوەی پێ باشترە تا زاراوەی چاکسازی، بۆ ئوەی ئەم بابەتە لەتەك بابەتی چاکسازی و پرسەی چاککسازی تێکەڵ نەکرێت.

[٨] لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەوڵەتان بکەریی پلە یەکن و یەکهمین کەسی ئەو یاسایەن، ئەمە لە کاتێکدا کەسایەتییەکانی دیەی وەك رێکخراو و دادگا نێو دەوڵەتییەکان بەرەزتامەندیی دەولەتەکاروست دەکرێن و دواتر پابەندییان دەبن

[٩] هەندێك لە فەیلەسوفەانی یاسا ئەم بابەتە جیهانییانە بۆ سێ بابەتی سەرەكی دەگێڕنەوە كە بریتین لە ( نەهێشتنی توندو تیژی و مافی مرۆڤ (قەدەغەكردنی توندو تیژی، قەدەغەكردنی فێڵكردن، قەدەغەكردنی ناچاركردن) هەرچەند لێكۆڵەر باوەري وایە هەم بابهتانە زۆر زێترن لەو سێ لایەنەی ە باسیان لێوە كراوە هەروەهاش كۆمەڵێك بنەمای عادیلانەی شەكلی و دادگاییكردنیش هەن كە مافی تاونباران و قوربانینیش دەپارێزن (Onill:163-165)

[١٠] بۆ هاوكاریی عدالەتی جیهانی و و پڕكردنەوەی بۆشاییەكانی.